# جەنگ وەک چارەنووسی مرۆڤ

## بەشی یەکەم

**نووسین: شارا تاهیر**

لە سیمینارەکانی لە ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٦)دا لەسەر هێز و گوتاری مێژوو/سیاسەت، سەبارەت بەهێز، فۆکۆ باس لەوە دەکات کە ئێمە بە یەک وشە دەتوانین بڵێین گوتاری مێژوویی-سیاسیی سەبارەت بە هێز و دەسەڵات لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، واتە سەدەی شانزە و سەرەتای سەدەی حەڤدە، قسەکردنە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی بە جێمان هێشتووە یان هەوڵمان داوە بەجێی بێڵین، ئەویش کۆمەڵگەیەک بووە کە خودئاگاییە مێژووییەکەی بە یەک وشە ڕۆمانی (*Roman*)_بووە، هێز و دەسەڵات و پەیوەندییەکانی هێز لە دەوری یەک چەمک و یەک تێما خولاتەوە، ئەویش چەمکی سەروەریی و ئەفسانە و ڕیتوالەکانی مانای سەروەرییە کە لێرەدا مەبەستی لە دەسەڵاتی ڕەهای کەنیسە وسیستمی پاشایەتییە. لێ بە ڕای فۆکۆ کۆمەڵگەی مودێرن بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی پێشووی خۆی، گوتار و خودئاگایی مێژوویی لە دەوری چەمکی سەرەوەری و ڕەسەنایەتی سەرەوەری وەک هێزی ڕەها ناخولێتەوە، بەڵکوو لە دەوری چەمکی شۆڕش، بەڵێنەکانی شۆڕش و هەموو پێشبینی و ئاکامەکانی بۆ ژیانێکی ئازاد لە داهاتوودا.

هەڵبەت تێزەکەی فۆکۆ قسەکردنە لە ئەورووپا و خۆرئاوا کە چۆن گوتاری مێژوویی-سیاسی لە ململانێی ڕەگەزیی(*Race struggle*)ەوە گۆڕاوە بۆ ململانێی چینایەتیی(*Class Struggle*) ، لێرەیشدا ئاماژە بە مارکس دەکات و دەڵێت، وەک ئەوەی مارکس لە نامەیەکیدا لە ساڵی (١٨٨٢)دا بۆ ئێنگڵس دەنووسێت: (کە تۆ زۆرباش دەزانیت سەرچاوەی ئایدیا و فکرەکانمان سەبارەت بە ململانێ چینایەتی لە کوێوەوە سەری هەڵداوە، باش دەزانیت ئێمە ئایدیاکانمان لە ئیشی مێژوونووسە فەرەنسیەکانەوە وەرگرت، ئەوانەی قسەیان لە سەر ململانێی ڕەگەز کردووە).هەر بۆیە قسەکردن لە سەر شۆڕش و پرۆژەی شۆڕش بێ گەڕانەوە بۆ گوتاری مێژوویی-سیاسی سەبارەت بە سەرەوەریی نابێت.

پێویستە بزانین (ئاشتیی، ئاسایش، دەسەڵات، دەوڵەت، دیاریکردنی سنوور)، زادەی کێشمەکێشی سیاسی و شەڕ و جەنگی گەورەیە. پێویستە باوەڕ بکەین ئەوەی دەکەوێتە پێش یاسا و هەژموونی یاسا و ئاسایش و بەرقەراربوونی ئاسایش، خودی جەنگە، خودی شەڕە، وەک فۆکۆ دەڵێت: (ئاشتی، ئاسایش و یاسا، لە قوڕ و چڵپاو و خوێناوی جەنگەکانەوە درووست بوون).

هەر بۆیە گەر لەم دیدەوە بڕوانینە سەر دۆخی ئێستای کورد ئەوا دەڵێین؛ شەڕی گەورە و خوێناویی و جەنگی مان و نەمان، ئەو جەنگەیە وا بوون و نەبوونی ئێمە یەکلایی دەکاتەوە وەک کەیانێکی سەربەخۆ، وەک کورد و دەبینە دەوڵەت. هەڵبەت ئەمە بە مانای ڕۆمانتیزەکردنی جەنگ و ئافاتەکانی جەنگ نییە، ئەمە بە مانای ڕۆمانیتزەکردنی خوێن و ڕشتنی خوێن نییە، چونکە کورد لەوەتەی مێژوو چاوی بڕ بکات، خوێنی لێ ڕژاوە و لێ دەڕژێت.

لێ لەملایشەوە لە سەر ئاستی دونیا و بە گەڕانەوە بۆ دیدی فۆکۆ لەسەر جەنگ، ئەوا ئەوەی هەمیشە دەگوزەرێت و ئامادەگی هەیە، شەڕە. تەنانەت لە کاتی ئاشتی و ئارامیشدا شەڕێک هەیە، شەڕی هەموو پیاوێک دژی هەموو پیاوێک. بە ڕای فۆکۆ ئەوەی دەکەوێتە پیش جەنگ و دوای تەواوبوونی جەنگ شەڕی پیاوەکانە

لەگەڵ یەکتری، فۆکۆ دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە پیاو خۆی بەرهەمی شەڕە و هەر لە ناو شەڕیشدا دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. پیاو بە درێژایی مێژوو و بەر لە مێژوویش هەر شەڕی کردووە و جەنگاوە. فۆکۆ دەڵێت: هەر کات باسی جەنگ دەکەین، ئەوا یەکسەر قسەکەی هۆبزمان بیردێتەوە کە دەڵێت: جەنگ بنەمای پەیوەندییەکانی هێزە و هاوکات هەر جەنگ خۆیشی پڕەنسیپەکانی ڕاڤەکردنی جەنگە. ئەوە هەر بە تەنها یەک جەنگ نییە دەکەوێتە پشت یاسا و سەربەخۆیی و ئازادیی، جەنگ وەک ئەوەی لە پشت سەرەوەریی و دەوڵەتەوە یان ئەوەی هۆبز بە لێڤیثان ناوی دەبات، بەڵکوو جەنگێکی تری بەردەوامیش هەیە، ئەویش جەنگی پیاوە بەرانبەر پیاو.

مادام هەر شەڕە دێرین و کۆنەکەیە ئێستایش لورەی دێت، ئەوا کاتێک دێتە سەر سیاسەت، مرۆڤ (سیاسی) دەبێت زۆر زیرەک و زانا بێت لە جەنگدا، بزانێت چۆن دەجەنگێت و زانا و عارف بێت بە تەکنیک و ستراتیژی جەنگ، بزانێت چۆن دەوستێتەوە و بەرخودان دەکات، چونکە زۆر بە سادەیی جەنگ ئەوکاتە تەواو دەبێت تۆ سەرکەوتوویت و جەنگەکەت بردووەتەوە، ئەگینا ئاگربەست و وەستانی شەڕ مانای ئەوەیە نییە جەنگەکە تەواو بووە، بەڵکوو هەر وچانێکە بۆ خۆکۆکردنەوەی ئەویتری دوژمن، بۆ کۆکردنەوەی هێزی زیاتر، فێربوونی ستراتیژیی و تاکتیکی تر بۆ هەڵگرسانی جەنگێکی تر، تا ئەو کاتەی سەرکەوتن بە دەست دێت تۆ هەر لە جەنگدایت. هەر بۆیە بۆ ئێمەی کورد گرنگە بزانین ئەو دوژمنەی لە ڕابردوودا هەمان بووە، ئێستایش هەر هەمانە، نەک ئەوەش، بەڵکوو کەڵبەکانی تیژتر بووە. دوژمنی دوژمنەکەمان لە دۆخی ئاوارتە و یەکلاکەرەوەی وەک ئێستا دەکرێت ببنە دۆست و هاوپشتی یەکتر.

هەر بۆیە کاتێک باسی تاکتیک و خۆئامادەکردن بۆ جەنگ و ئاکامەکانی دەکرێت، ئەوا پێویستە ئاماژە بە دیدی ئۆجالان لەمبارەیەوە بکەین. وەک سیاسیەک ئۆجەلان ئاماژە بە(*Joseph Fouché*) ، دەکات و دەڵێت؛ ئەو کەسێکە خاوەنی ڕێبازێکی زۆر سەیرە لە سیاسەتدا و تاکتیکی زۆر دەگمەنی هەیە. ئۆجالان پێشنیاری ئەوە دەکات بۆ هەموو سیاسییەک کاتێک بابەتەکە پەیوەندیی بە جەنگ و تاکتیکی جەنگەوە هەبێت. ئۆجالان دەڵێت: (گەر دەتانەوێت لایەنی سەربازیی و سیاسیتان کارا و بەهێزبێت، ئەوا تایبەتمەندییەکانی فۆشێ ڕەچاو بکەن کە بریتین لەمانە: (دەستنیشانکردنی هەندێ هاوسەنگیی کە بتوانیت پشتیان پێ ببەستیت، هێندە دڵنیابیت لە بوون و پاڵپشتیان کە وەک مۆخی ناو ئێسقانی خۆت هەستیان پێ بکەیت. دەبێت ئەو زەمینە و بەستێنە بناسیت وا پشتی پێ دەبەستیت، دەبێت شێواز و هێزی خەباتی هاوسەنگ زۆر باش بزانیت و بیناسیت، چۆن کار دەکەن، هێزەکەیان چەندە، ئەوانەی نوێنەرایەتیان دەکەن کێن؟ دەبێت بێ کەموکووڕیی زۆرباش بیناسیت. نەخاسمە بۆ سیاسەت هیچ ڕێگەیەکی تر نییە! دواتر کێ بێنیتە لای خۆت، کێ بخەیتە بەرانبەرت؟ دەبێت ئەوە باش بزانیت، نەک هەر باش بیزانیت وەک سیاسیەک، بەڵکوو دەبێت وەستایانە ئەوکارە بکەی نەک تێکوپێکی بدەیت[١].

هەر بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە گەڕانەوە بێت بۆ چەمکی سەرەوەر(*Sovereignty*) ، سەروەریی وەک ئەقڵ و توانای بڕیاردان لە دۆخی ئاوارتەدا بە مانا و پێناسەی کارل شمیت، لێ من لیرەدا کاتێک کە دەڵێم (سەروەر) مەبەستم لە یەک کەس نییە کە خاوەن دەسەڵات و هەژموونی موتڵەق بێت، ئەگەرچی ڕاستییەکەی لە دۆخێکی ئەوادا کورد پێویستی بە یەک دەنگی خاوەن بڕیارە، واتە قسەکردن سەبارەت

---

[١] پەڕتووکی کوشتنی پیاوێتیی- گفتوگۆی ماهیر سایین لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجالان- ل ١٥٩

به  سەرۆک نییە، چونکە ئەو کاتە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە سەرۆک کێیە؟ سەرۆک دەبێت چۆن بێت؟ ئەمەیش بابەتی ئەم نوسینە نییە. بەڵکوو بۆ من قسەکردنە لە سەر پرسی سەرەوەریی سیاسی *(Political Sovereignty)* بەمانا فۆکۆییەکەی، واتە قسەکردنە لەسەر دەسەڵات کە  چۆن  دەسەڵات و هەژمونی هێز بۆ جەنگ و پەیوەندییەکانی کورت دەبێتەوە.

چونکە بۆ فۆکۆ پرسیارەکە زیاتر ئەوەیە ئایا دەسەڵات و سەرەوەریی سیاسی بە تەواوبوونی جەنگ لەدایک دەبێت؟ بەو مانایەی بمانەوێت یان نەمانەوێت هەر کات قسەکە دەربارەی جەنگ و ئاکامەکانی جەنگ بێت، ئەوا دەچینەوە سەر پرسی دەسەڵات و هەژمونی هێز. چونکە خودی ئەو هێزو دەسەڵاتەی کە کورد هەیەتی زادەی جەنگ و ئاکامەکانی جەنگە، دەسەڵاتی سیاسی و هەژمونی هێز ئەو کاتە بە دەست دێت کە بتوانێت کۆتایی بە جەنگ بێنیت و خودی جەنگ بگۆڕیت بۆ ئاشتیی و سەقامگیریی، ئەویش بە بردنەوەی جەنگەکە وەک براوەیەک. ئەگەرچی کورد بە درێژایی مێژوو و بوونی خۆی وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت، هەمیشە و بەردەوام لە دۆخی ئاوارتەدا ژیاوە، هەمیشە بەردەوام لە شەڕێکی نابەرابەردا بووە، شەڕی مانەوەی وەک ناسنامە، وەک نەتەوە و وەک زمان کردووە. لێ ئێستاکە دیسانەوە جارێکی تر کورد و کەیانی کورد لە هەر چوار پارچەکەدا بە گشتیی و لە ڕۆژئاوا بە تایبەتیی، لە ژێر هەڕەشەی جەنگێکی تردایە، ئەم هەڕەشەیە بۆ خۆی دەکرێت بە ئەگەر و مومکنی بردنەوەی جەنگەکە و سەرکەوتنی کورد ببینرێت.  بەو مانایەی بوون و کەیانی تۆ وەک قەوارە هەر بەتەنها ئاسایش و ئارامیی دیاریی ناکات، بەڵکوو قەیران و جەنگە گەورەکانیش دیاریی دەکەن، نەک ئەوەیش بەڵکوو خودی قەیران و کارەساتە گەورەکان دەبنەوە بە دۆخە ئاوارتەکە، توانای تۆ وەک ئەقڵ سەروەریی سیاسیی نەتەوەیەک دیاریی دەکات و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە. هەڵبەت لەگەڵ هەموو ئەم قسانەیش، ئێمە دەزانین سیاسەتی گەورەی جیهان و زلهێزەکان چارەنووسی ئەو ناوچەیە دیاریی دەکەن. لێ ئەمە مانای ئەوە نییە کورد وەک بەشێک لەو جەنگە و هاوکێشە جیهانییەکە کاریگەریی نییە.

هەر بۆیە گەر پرسیارێکی سادە بکەین و بڵێین کام دەسەڵاتە ئێستا هێندە لە باریدایە بڕیار لەم دۆخە بدات وەک دۆخێکی ئاوارتە، هاوکات لە باریدایە هەموو پێوەرەکانی دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنیت بۆ جۆرکردن و ئیحتواکردنی دۆخەکە، بۆ پارێزگاریی خۆی و کەیانەکەی وەک بوونێکی سیاسی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی ببێتەوە هێز و دەسەڵاتی پاش جەنگ؟ چونکە لە دۆخی ئێمەی کوردا مژارەکە بە تەنها هەر پارێزگاریکردن نییە لە خۆت و بوونی خۆت لە پارچەیەک و بە دەستهێنانی هێز لە پارچەیەکدا، بەو مانایەی بوون و ئاسایشی هەر پارچەیەک بەستراوە بەویترەوە، بوون و مانەوەی ڕۆژئاوا بەستراوە بە باشوورەوە، باشووریشمان بە ڕۆژهەڵات و باکوورمانەوە. کاتێک دەوترێت دۆخی ئاوارتە، ئەوا ئەو دۆخەیە وا ناتوانیت پێشبینیی بۆ پاشهاتەکانی بکەیت، لێ بۆ ئێمەی کورد بەو مانایەی ئێمە هەمیشە و بەردەوام لە دۆخی ئاوارەتەدا ژیاوین، ئەوا ناکرێت پێشبینیی بۆ پاشهات و دەرئەنجامەکانی ئەم دۆخە نەکەین یان لانی کەم ئەقڵی سیاسیی هێندە خۆی ئامادە نەکردبێت بۆ سیناریۆی جیاواز و پاشهاتی جیاواز.

لێرەدا ئۆجالان ئاماژە بە موستەفا کەمال تورک دەکات کە  پرەنسیپی نییە و پرەنسیپەکانی دژەشۆڕشن، دواکەوتوون و فاشیزمە. تاکتیکار و گێرەشیوێنێکی گەورە بوو. هەر لەم باسەدا ئەوە دەڵێت ئەو فۆشێی باش ناسیوە. ئۆجالان دەیەوێت جەخت لە سەر ئەوە بکاتەوە ئەو خۆی لە کەمالیزمەوە فێری هەقیقەتی دوژمن و

توانا و تاکتیکەکانی بووە، بەو مانایەی بۆ ئەوەی سیاسەت بکەیت و بجەنگێت، ئەوا دەبێت زۆر زیرەک و وەستایانە شارەزای دوژمنەکەت بیت.

## بەشی دووەم

## فۆکۆ باسی تێزەکانی هۆبز لەمەڕ هێز و جەنگ دەکات

لە دەستپێکی سیمینارێکی تریدا کە لە بەرواری چواری شوباتی ساڵی (١٩٧٦) رێکخراوە، فۆکۆ وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو دەداتەوە و دیارە پاش سیمیناری یەکەمی ئاراستەی کراوە، تا رادەیەکیش پرسیارەکە رەخنەئامێزە، ئەویش چۆن فۆکۆ مێژووی راسیزم دەباتەوە بۆ سەدەی شانزە و حەڤدە، هەر لەوێشدا دەیبەستێتەوە بە پرسی دەوڵەت و سەروەرییەوە؟ لە کاتێکدا ئاشکرایە مێژووی راسیزمی ئایینی و بە تایبەت راسیزمی دژەسێمیتیزم، درێژترە و بۆ سەدەکانی ناوەراست دەگەرێتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیش، فۆکۆ بەوردیی باسی ئەوە دەکات ئەو بە هیچ چەشنێک هەوڵی دیاریکردنی مێژووی راسیزمی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو نەداوە، بەڵکوو قسەکانی زیاتر روونکردنەوەی هەندێك رەهەندی رەخنەیی، مێژوویی و راڤە سیاسییەکانی چەمکی دەوڵەتە لە خۆرائاوا: دەوڵەت وەک دامەزراوە و میکانیزمەکانی هێز. بە رای فۆکۆ خودی ئەم راڤە و شیکارانە سرووشتێکی دیالێکتکییان هەیە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناویاندا بە شێوەیەکی هەرەمیی و هیرارکیی درووست نەبوون، وەک چۆن ئەمانە بۆ خۆیان زادەی بونیادێکی یەکانگیر و تۆکمە نین. بەڵکوو خودی پەیوەندییەکان لە سەر بنەمای دوو گرووپ دروست بوون، ئەگەر بە وردیی لێیان بکۆڵینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت لەگەڵ یەکتر جیاواز نین، لێ هاوکات لە ناو ئەم گرووپانەدا ناکۆکیی و گرفتی تەواو بەرچاو هەن. ئەوەی لە شیکارییەکەی فۆکۆدا گرنگە، ئەوەیە خودی ئەو سرووشتە گرفت ئامێزەی لە نێوان دوو گرووپەکەدا وا لە گۆرێ، هەر ئەوەیش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خودی دروستبوونی دەوڵەتیش، راستییەکەی ئەمە خۆی جەنگە گەورە و راستەقینەکەیە، ئەو جەنگەی بەشێکە لە جەنگە بەردەوامەکە.

فۆکۆ سەبارەت بە دەوڵەت دەڵێت: (دەوڵەت هیچ نییە جگە لە جەنگی نێوان دوو گرووپەکە، ئەو جەنگەی تەنانەت لە کاتی سەقامگیریی و ئاساییشدا بە شێوەیەکی ئاشتیی بەردەوامە) پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا بۆ ئێمە و فۆکۆش دەبێت هەر ئەوە بێت کە چۆن چەمکی دەوڵەت بە شۆڕش و هیوا و ئاواتەکانی شۆڕشەوە گرێ بدەین، واتە سیاسەتی شۆڕش و یاخیبوون[٢] یاخیبوون وەک دیوەکەی تری شەڕە ئەزەلیەکەی مرۆڤ دژی چەوسانەوە و ستەمکاریی. چونکە بە رای فۆکۆ هەر کات باسی پەیوەندیی هێز و دەسەڵات دەکەین، ئەوا بمانەوێت یان نا، دەچینەوە سەر پرسی ماف، سەروەریی، بۆ ئەوەی قسەش لە سەر ئەمانە بکەین، پێویستە باسی ستەمکاریی و چەوسانەوە بکەین.

[٢] هەڵبەت لێرەدا فوکو جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو باسی کێشەی راسیزم و کێشەی ئایینیی نەکردووە، بە تایبەت پرسی ئەنتی سێمیتیزم، بەو مانایەی خوی ئەم کێشانە لە سەدەی نۆزدەوە سەریان هەڵدا... ئەو کاتەی دەوڵەت ئەرکی سەرەکی پاراستنی کەیان و بوون، بێگەردیی رەگەزی خۆی بوو دژی ئەو رەگەزانەی تر کە دەبوونە هەرەشە.

بەو واتایەی هۆبز زۆر ڕادیکاڵانە قسە لەسەر جەنگی درێژخایەن و بەردەوامی پیاو لەگەڵ پیاو دەکات. ئەو جەنگەی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەت لە سپێدەی ڕۆژێکدا، ئەو ڕۆژە خۆی هەم هەقیقەتە و هەم خەیاڵ، بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەیە وا لێڤیتیانەکەی هۆبزی تێدا لەدایک دەبێت. لێ بە ڕای هۆبز ئەو کاتەیش وا دەوڵەت دێتە ئارا، ئاسایش بەرقەرارە، بەڵام هەمیشە هەڕەشە و کەڵکەڵەی جەنگێک لە سنوورەکانیدا هەیە. فۆکۆ ئاماژە بە نموونەکانی هۆبز سەبارەت بە بەردەوامیی جەنگ دەکات، کە ئەمانەن:

یەکەم: تەنانەت لە دەوڵەتی شارستانییدا، کاتێک پیاوێک دەڕوات بۆ سەفەر، ئەوا دەرگاکانی کلۆم دەدات و باش دایدەخات، چونکە باش دەزانێت دزەکان لە جەنگێکی هەمیشەیدان لەگەڵ ئەوانەی دزییان لێ دەکەن.

دووەم: لە جەنگەڵەکانی ئەمریکا تا ئێستایش کۆمەڵە خەڵک و گرووپێک هەن دژی یەکتری و لەگەڵ یەکتری شەڕ دەکەن.

سێیەم: ئەم نموونەیەی بەم پرسیارە دەست پێ دەکات: ئەی داخۆ پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان چییە؟

لە دەوڵەتانی ئەورووپایش، مەگەر هەر وا نییە، کۆمەڵە پیاوێک، لوولەی تفەنگەکانیان بەرانبەر یەکتر داناوە و چاویان بڕیوەتە یەکتر. پاش باسکردنی ئەم نموونانە، فۆکۆ دەپرسێت، ئەگەر تەنانەت لە دۆخی ئاسایش و ئاشتیشدا هەمیشە کەڵکەڵە و هەڕەشەی جەنگێک بەڕێوە بێت و بە گوێماندا بچرپێنرێت! ئەی مەگەر ئەمە بۆ خۆی مانای ئەوە نییە دەوڵەت لە دوای دروستبوونیشی لە ڕووی تیورییەوە هەمیشە مەحکومە بە کۆتاییهێنان و لەدەستچوون؟ هەمدیس ئەو جەنگە کامەیە وا دەوڵەت دەباتەوە بۆ پێش مێژوو، دەیباتەوە بەرەو بەربەرییەت، دەیخاتەوە سەر سنوورەکانی ئەفسانە؟ ئەی خودی ئەم جەنگە چۆن ڕێ بە دروستبوونی دەوڵەت دەدات؟

بۆ ئێمەی کورد ئەم پرسیارەی سێیەم گرنگە، بە تایبەت ئێستا جەنگێکی ئاڵۆز لە ناوچەکە بەرپا بووە، هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن؛ دەرئەنجامی ئەم جەنگە هاوسەنگیی و هارمۆنیی هێز جارێکی تر لە ناوچەکەدا ڕێک دەخاتەوە. یاخود قسەوباسی ئەوەی لە سیستمی نوێی جیهانییدا کورد پشکی شێری دەبێت، چونکە خودی ڕاگواستنەکە بەرەو ئەو سیستمە نوێیە بەبێ تێپەڕبوون بە ناو کوردا وەک هێزێکی باوەڕپێکراو دانپیانراو نابێت، هەر بۆیە پرسیاری جەوهەریی ئەوەیە داخۆ ئەم جەنگە هەل و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەگەڵ خۆی هێناوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ فۆکۆ و هۆبز بەردەوام دەبین، لە هەر شوێنێکیشدا پێویستمان بە ئاپۆ بێت، ئاماژەی پێ دەدەین. چونکە بە ڕای ئاپۆ پلانی کورد پێویستە ئەوە بێت دەستی لە دەوڵەت گیر بێت، هێندە فراوان بیر بکاتەوە چۆن بتوانێت ببێتە دەوڵەت، پرسیار لە خۆی بکات کە چۆن بەدەستی بێنێت؟ دیارە لەگەڵ ئەم ئاماژەیشدا من بەئاگام لەوەی ئەم قسانەی ئاپۆ لە قۆناغی پیش ئیمراڵیی و ساڵی (١٩٩٦) گوتراوە، ئەودەم باوەڕی تەواوی بە دەوڵەت-نەتەوەیە وەک تاکە چارەسەر بۆ کیشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر لە ئیمراڵیی شیکار و تێزەکانی سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت-نەتەوە دەگۆڕێت بۆ (کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک- نەتەوەی دیموکراتیک) وەک چارەسەر و ئەڵتەرناتیف نەک هەر بۆ کورد بە تەنها، بەڵکوو بۆ هەموو ناوچەکە، لە بەشێکی تردا دێمەوە سەر ئەم باسە، بەڵام با لێرەدا بگەڕێینەوە سەر فۆکۆ و ڕاڤەکانی لەمەڕ هۆبز سەبارەت بە دۆخی جەنگ.

فۆکۆ لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت؛ کەواتە با بزانین ئەو جەنگە کامەیە وا دەکەوێتە بەر لە دروستبوونی دەوڵەت و دواتریش دەبێتە بەشێک لە بنیاد و دامەزراوەکانی. ئەو جەنگە: جەنگی بەهێزەکانە دژ و بەرانبەر لاواز و بێهێزەکان، جەنگی توندوتیژەکانە بەرانبەر شەرمن و پەژموردەکان، جەنگی ئازا و بوێرەکانە بەرانبەر ترسنۆکەکان، جەنگی دەسەڵاتدارانە بەرانبەر خەڵکی بێدەسەڵات، جەنگی گورگەکانە بەرانبەر مەڕەکان. پرسیارەکە بۆ فۆکۆ ئەوەیە داخۆ ئەم جەنگە خۆی لە دەوری جیاوازیی سرووشتیی نێوان مرۆڤەکان ناخۆلێتەوە؟

فۆکۆ لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا دەڵێت؛ ئێمە دەزانین هۆبز بەم شێوەیە تەماشای جەنگی نەکردووە. بەڵکوو بە ڕای هۆبز ئەو شەڕە هەمیشەییە، کە شەڕی پیاوە لە دژی پیاو، شەڕی هەموو پیاوێک لە دژی هەموو پیاوێک زادەی جیاوازییەکانی نێوانیان نییە، بەڵکوو خودی ئەو جەنگە لە یەکسانیی نێوان پیاوەکانەوە خوڵقاوە. پیاو لە دژی پیاو ناجەنگێت لەبەر ئەوەی جیاوازیی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، بەڵکوو شەڕە گەورەکەیان لە سەر چوونیەکیی و یەکسانییانە لەگەڵ یەکتر، یان گەر زۆر دوور بڕۆین، لەسەر جیاوازییەکی زۆر کەمە لە نێوانیاندا.

هۆبز دەڵێت: (ڕاستییەکەی گەر جیاوازییەکی دیار و بەرچاو لە نێوان پیاواندا هەبێت، ئەوا دەستبەجێ شەڕەکە دەوستێت یان هەر لە سەرەتاوە ناکرێت). بەو مانایەی گەر جیاوازییەکی دیار و بەرچاو لە هێز و دەسەڵاتی نێوان پیاوەکاندا هەبێت، واتە ئەگەر یەکێکیان زۆر بەهێز بێت و ئەوی تریان زۆر لاواز و نەکردە، ئەوا هەر زوو ئەوەی بەهێزە، دەزانێت دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە کوێدایە، ئەوەی لاوازیشە سنوورەکانی بێدەسەڵاتیی و نەکردەیی خۆی دەزانێت و درکی پێ دەکات. ئەوکاتە شەڕەکە بە سەرکەوتنی بەهێزەکە بە سەر لاوازەکەدا تەواو دەبێت، بەبێ بەرپابوونی هیچ شەڕێک، چونکە ئەوەی شەڕەکە یەکلایی دەکاتەوە، خودی ئیدراکە بە سنووری دەسەڵات و هەژموونی یەکتر. بە مانایەکی تر، نەبوونی جیاوازیی واتە ئاشتیی و ئاسایش، تا ئەو شوێنەی جیاوازیی نییە شەڕیش نییە.

**ئەی چی ڕوو دەدات ئەوکاتەی بڕێک لە جیاوازیی هەیە یان جیاوازییەکە هێندە کەم و نەبینراوە، کە لە نەبوونی جیا ناکرێتەوە؟**

وەڵامی ئەم پرسیارەیش لە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی تێزەکەی هۆبزدایە و بەم چەشنە دایڕشتوە:

کاتێک پیاوێک تۆزێک لاوازتر و بێدەسەڵاتر بێت لە پیاوێکی تر، وا خۆی دەبینێت کە ئەویش دەتوانێت و لە باریدایە هەمان دەسەڵات و هێزی پیاوەکەی تری هەبێت، هەر بۆیەیش پێویستی بەوە نییە خۆی بەدەستەوە بدات، دان بە لاوازیی و بێدەسەڵاتیی خۆیدا بنێت. وەک چۆنیش لەملاوە پیاوە بەهێزەکە هێندە بەهێز و بە دەسەڵات نییە تا باوەڕ بە هێز و هەژموونی خۆی بکات، هێزی خۆی وەک هەقیقەتی بوونی خۆی ببینێت. هەر بۆیە ئەم دووانە لە شەڕدا دەبن تا یەکێکیان بە سەر ئەوی تردا سەردەکەوێت. بە واتایەکی تر، نەبوونی جیاوازیی سرووشتیی دەبێتە هۆی نادڵنیایی و ناسەقامگیریی، بینینی هەڕەشەکان و نادڵنیایی، ئەمەیش بۆ خۆی واتە هەڵگیرسانی شەڕ لە هەردوولاوە. واتە هەم لە لایەنی لاوازەکە و هەمیش لە لای کەسە بەهێزەکەوە، چونکە نە بەهێزەکە هێندە بەهێزە تا هێز و هەژموونی خۆی ببێتەوە بە هەقیقەت پێش هەمووان بۆ خۆی، ئینجا دواتر بۆ بەرانبەرەکەی، وەکچۆنیش بێهێز و لاوازەکەیش هێندە لاواز نییە تا باوەڕ بە بێدەسەڵاتیی و لاوازیی خۆی بکات. بە ڕای هۆبز هەر ئەمەیشە بنەما سرووشتییەکەی پەیوەندیی هێز درووست دەکات و دۆخی شەڕ-جەنگ دەخوڵقێنێت.

گەرچی تەواوی تێزەکەی هۆبز قسەکردنە لە سەر شەڕی پیاو بەرانبەر پیاو، لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەی بە ژن و ڕۆڵی ژن لە شەڕی پیاوەکاندا نەکردووە، وەلێ بەرلەوەی بچینە سەر پرسیاری ئەوەی دۆخی جەنگ کامەیە؟ ئەوا لە جێی خۆیدایە لێرەدا گەر بە کورتییش بێت، ئاماژە بە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی ئاپۆ بکەین. چونکە بە ڕای من، ئاپۆ زۆر بە وردیی کاری لە سەر ئەم دیدە هۆبزییە کردووە و درکی تەواوی بەوە کردووە کە شەڕی پیاوەکان لەگەڵ یەکتر شەڕێکی ئەزەلییە و تەواو نابێت، پیاو بە مێژووی دروستبوونی خۆی وەک هێز و هەژموون شەڕی کردووە، بەڵام ئاپۆ لە گەڕانەوەی بە مێژووی شەڕ و شەڕخوازیی پیاو دژی پیاو، ڕۆڵی ژنی لە بیر نەکردوە، نەک ئەوەیش بەڵکوو لە دیدی ئاپۆوە یەکەمین جەنگی پیاو بەرانبەر ژن، دژی بوونی ژن بووە، پیاو بۆ ئەوەی ئەو جەنگەیەیش بباتەوە، هەموو تواناکانی خۆی لە درۆ، فێڵ، تەڵە، توندوتیژیی و پیلانگێڕیی بەکار هێناوە. بە ڕای ئاپۆ ئەوەی ئەم شەڕە یەکلایی دەکاتەوە و مرۆڤایەتیی لە چنگی شەڕەنگێزیی پیاو ئازاد دەکات، ژن و ئازادبوونی ژنە. لێ دەبێت ژن خۆی ئەم شەڕە بۆ ئازادبوونی هەم خۆی و هەم کۆمەڵگەیش بەرپا بکات. ئەم جەنگەیش بە تەنها هەر بۆ ئازادبوونی ژن نییە وەک ڕەگەز، بەڵکوو خودی ئازادیی ژن گرێدراوی ئازادیی مرۆڤایەتییە. ئازادی ژن زامنکەری بوونی ژیانە لە سەر زەوی بە هەموو ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیی، ئێکۆلۆژیی و سیاسییەکەیەوە... هتد. هەڵبەت دەزانین هەموو ڕەخنەکان لە ئاپۆ کاتی خۆی و ئێستایشی لەگەڵ بێت سەبارەت بەژن و ئازادیی ژن بەو ئاقارەدا بوو، پێیان وابوو دید و بۆچوونە ئایدۆلۆژییەکانی بە ئەندازەیەک ئەفسانەیین، هەندێک جار دەگۆڕێن بۆ یۆتۆپیا و لە مەحاڵ نزیک دەبنەوە، لێ ئەزمونی ئەم چەند ساڵەی دوایی و بە تایبەت بوون و سەنگی ژن لە ڕۆژئاوا، سەرکەوتنیان لە ڕابەرایەتیی و ئیدارەی خۆسەریی وەک نموونەیەکی دانسقە، هەڵەی ئەو ڕەخنەگرانەی ڕاست کردەوە کە بایی ئەوەندە نەیانتوانیوە ڕووبەڕێکی گەر بچووکیش بێت لە ئامادەیی، بە یۆتۆپیا لە ناو ئایدۆلۆژیادا ببەخشن. مەبەستم لەوەیە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نییە لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی یۆتۆپییانەی نەبێت. کەواتە گەڕانەوەی ئاپۆ بۆ ئەو وێنەیەی چاخی بەردینی ژن و ڕۆڵەکانی وەک بەرهەمهێنەر و دابەشکەر و... هتد، بەو ئامانجەیە تا سەرلەنوێ ئەو تایبەتمەندییانەی کارەکتەری ژن زیندوو بکاتەوە و بیداتەوە بە خودی ژن خۆی، کە پیاو دواتر لە گەشەی قۆناغی ڕاو و بوونیدا بە ڕاوچیی و نێچیرەوان و چەلەنگ و دلێر، لێی دزیوە و لێی بێبەری کردوون. بە مانایەکی تر، سوودوەرگرتنەوە لەو وێنەیەی ژن ڕەنگە بە دیوێکدا جۆرە مۆرکێکی ئەفسانەیی و یۆتۆپی ببەخشێتە ئایدۆلۆژیای ئاپۆ، بەڵام بە دیوەکەی تریشدا دەبێت بزانین سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ژنە و بەخشینەوەی ئەو تایبەتمەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییانەی خۆیەتی وا پیاو لە چنگی دەرهێناون و ئامادە نییە پێی بداتەوە و دان بە ژندا بنێت وەک بوونەوەرێکی هاوماف و هاوتوانا.

## کەواتە با بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوو؛ دۆخی جەنگ کامەیە؟

وەڵامی هۆبز بۆ ئەم پرسیارەیش لە شیکردنەوەی پەیوەندی هێزە لە نێوان پیاوی بە دەسەڵات بەرانبەر پیاوی لاواز. بەو مانایەی ئەوکاتەی پیاوی لاواز و بێدەسەڵاتە دەزانێت و درک بەوە دەکات کە لە باریدایە هاوشێوەی پیاوەکەی دراوسێی بێت، دەتوانێت وەک ئەو بەهێز و خاوەن دەسەڵات بێت، ئا لەوکاتەدا بیرۆکەی شەڕ دنەی دەدات و ئامادەگیی تەواوی هەیە، چونکە لەملایشەوە ئەوەی بەهێزە، دەزانێت بۆی هەیە و ڕێی تێدەچێت ئەویش وەک ئەوی تر لاواز بێت، دوودڵیی و ترسی ئەوەی ڕۆژێک بێت ئەویش دەسەڵات لەدەست بدات. هەر بۆیە هیچیان بیرۆکە و کەڵکەڵەی شەڕ وەلا نانێن و دەستبەرداری نابن، تەنها لە یەک کاتدا نەبێت، ئەویش ئەوکاتەیە وا جەنگ دژی یەکتری بەرپا بکەن. پارادۆکسی ئەم جەنگە لەوەدایە هەر بە تەنیا ئەوکاتە دەکرێت

که به هەموو شێوەیەک یەکێکیان ئەوە پیشان بدات کە دەتوانێت بجەنگێت، دەتوانێت جەنگێکی یەکلاکەرەوە هەڵبگرسێنێت، جەنگی بردنەوەی هێز، خولیای جەنگ و بردنەوەی جەنگ بە شێوەیەک لە کار و کردەوەکانیاندا بۆ دەستبەردارنەبوونی بیرۆکەی جەنگ خۆی نمایش دەکات کە تەواو ڕاستەقینە دەردەکەوێت، هێندە ڕاستەقینە کە وا لەوی تر دەکات دوودڵ بێت و گومانی لە توانا و هێزی خۆی بۆ بردنەوەی شەڕەکە هەبێت. هەر بۆیە کاتێک قسە لە سەر هێز و پەیوەندیی هێزە، ئەوا بە ڕای هۆبز پێویستە ڕەچاوی ئەم سێ پێوەرە بکرێت:

یەکەم: نمایشێکی ورد و پێوراو: واتە نمایشێکی ورد و فیتی ئەوی تر بۆ هێز و دەسەڵاتی من، هاوکات نمایشێکی ورد و ڕوونی خۆم بۆ هێز و دەسەڵاتی خۆم و ئەوی تریش.

ئەم خاڵە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، بەبێ وردبوونەوە لە دەسەڵات و هەژمونی خۆمان وەک هێز و هاوکات وردبوونەوە لە نمایشی هێز و دەسەڵاتی ئەوی تر وەک هەژموون کە چی لە باردایە و دەتوانێت چی بکات، ئەوا ئەگەری بردنەوەی جەنگەکە دەخاتە مەترسییەوە. ئێستا کاتێک دەنگۆی ئەوە هەیە تورکیا لاوازە بۆیە پەنای بۆ دانوستان و ئیمراڵی بردووە، شتێک نییە ئێمە هەر وا سەیری بکەین و بە هەست و سۆز مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە کورد ئەو کاتە خاوەنی دەسەڵات و هێز و هەژمونی خۆیەتی کە بتوانێت شەڕەکە بەبێ خودی شەڕ بباتەوە، ئەو کاتە براوەیە بتوانێت وا لە ئەوی تر بکات دەستبەرداری بیرۆکەی جەنگ بێت، چونکە درکی بەوە کردوە کوردیش لەمەولا خاوەنی هێز و ئیرادەیەکە و دەتوانێت جەنگەکە یەکلایی بکاتەوە.

دووەم: گوزارشتکردن لە ئیرادەی شەڕکردن، واتە تۆ بەوپەڕی ئیرادەوە جەنگ بەرپا دەکەیت، توانای خۆت بۆ بردنەوەی جەنگەکە نمایش دەکەیت. بە مانایەکی تر، نیوەی بردنەوەی جەنگەکەت لەسەر گوزارشتکردنی خۆت وەستاوە بۆ دەستبەردارنەبوون لە بیرۆکەی جەنگ و شۆڕش.

ئۆجالان لەمبارەیەوە دەڵێت: گەر ئەمجارەیش نەگەین بە دەوڵەت، ئەوا دەستەبەرداری شۆڕش نابین. کاتێکیش دەڵێت شۆڕش مەبەستی گەیشتنە بە ئازادیی، ئەو خۆی دەڵێت: (شۆڕشی پانتۆڵ، شۆڕشی شەپقە، شۆڕشی خواردنەوە، شۆڕشی مەستوبوون، بە کورتیی هەموو ڕۆژێک شۆڕشێک، ئەوانە فریان بە شۆڕشەوە نییە، لە مێژووی شۆڕشەکان بڕوانن، شۆڕشێکی بەو شێوەیە نییە)[٣].

سێیەم: بەکارهێنانی تاکتیکی بێلایانە، ئەمەیش پێویستە ئەقڵی ورد و ڕوونی لەگەڵ بێت، کەی ئەم تاکتیکانە و بە چ شێواز و گوتارێک بەکاری دەهێنێت. چونکە لێرەدا تۆ باس لە ترس و دوودڵیی خۆت بۆ هەڵگیرسانی جەنگ دەکەیت، لێ بە شێوەیەک ئەو ترسە نمایش دەکەیت، ئەوی تری بەرانبەر لەوە تێبگات تۆ تەنیاوتەنیا ئەو کاتە هەست بە دڵنیایی دەکەیت و لە بەرپابوونی شەڕەکە ناترسیت کە لانی کەم ئەوی تر هێندەی تۆ ترس و دڵەڕاوکێی لە هەڵگیرسانی شەڕ بێت، گەر بکرێت لە تۆیش زیاتر لە بەرپابوونی شەڕ بترسێت، جا ئەو کاتە تۆ دەتوانیت دەستبەرداری خودی بیرۆکەی جەنگ بیت.

هەمیسان گەر لەم دیدە هۆبزییەوە تەماشای ئێستای کورد بکەین بە تایبەت لە ڕۆژئاوا و پێشنیارەکانی ڕێبەر ئاپۆ لە ئیمراڵییەوە لەمەڕ دۆخی شەڕ و ئاشتیی، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کرۆکی قسەکانی ئاپۆ مانای دەستبەرداربوون لە شۆڕش و دانانی چەک نییە لە بەردەم دوژمن وەک ئەوەی زۆرێک پێیان وایە، بەڵکوو ئاپۆ بە وردیی شەڕی ئیرادە دەکات، شەڕی خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو ئەوی تردا دەکات بۆ دەستبەرداربوونی

---

[٣] لە پەرتووکی کوشتنی پیاوەتیی- گفتوگۆی ماهیر سایین لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجالان

بیرۆکەی جەنگ، بەمەیش کورد نەک نادۆڕێت، بەڵکوو دەبێتە هاوهێز و هاودەسەڵات. ئاپۆ دڵنیایە لەوەی شەڕی یەکلاکردنەوەی هێز و هەژموونی هێزە، بە ئاشتیی و لە کاتی ئاشتییدا دەکرێت.

گەر بگەڕێینەوە سەر دیدی فۆکۆ سەبارەت بە پێوەرەکانی هۆبز، ئەوا پێی وایە سەرەڕای  هەموو ئەم قسانەیش سەبارەت بە هێز و پێوەرەکانی، وەلێ  ئەمە مانای ئەوەیە نییە سرووشتی ئەو دەوڵەتەی هۆبز پێناسی دەکات، تۆقینەر و دڕندانە بێت بەو واتایەی هەمووی  پەلاماری هەمووی بدات. بەڵکوو بۆ هۆبز دۆخی سەرەتایی جەنگ بە واتای بەریەککەوتن، ڕووبەڕووبونەوە، پێکدادان بە چەک و شەڕی دەستەویەخە و مستەکۆڵەی نێوان پیاوەکان نییە، وەکچۆنیش لە نێوان ئەو هێزە دڕندانەدا نییە وا بەر دراون و سەربەخۆن.  چونکە ئەوەی جێی سەرنجە لە دۆخی شەڕە سەرەتایی و پریمیتڤەکەی هۆبزدا شتێک بە ناوی مەیدانی جەنگ لەگۆڕێ نییە، نە خوێن هەیە  و نە لاشەی کوژراو، بەڵکوو ئەوەی هەمانە، بۆ خوێندنەوەی ئەو شەڕە بە تەنها بریتییە لە (نمایش، مانیفێست، ئاماژە و هێما، گوزارشتکردن بۆ ئیرادە، تەڵە و دژەکەی، نادڵنیایی و بە بەرگی دڵنیاییەوە) خۆی دەنوێنێت. بە مانایەکی تر، ئێمە لە بەردەم شانۆیەکداین و نمایش و ئاماژەکانی نمایشەکەش خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەم ئاڵۆگۆڕکردنەیش پەیوەندیی بە ترس و نادڵنیاییەوە هەیە. لەم شانۆیەدا شتێک نییە بە ناوی کات، چونکە ڕاستییەکەی ئێمە لە شەڕەکە نەگلاوین. واتە ئەوەی هۆبز دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوەیە؛ تایبەتمەندییە دڕندانە و ئاژەڵییەکانی مرۆڤ هۆکاری سەرەکیی دۆخی شەڕ نین، بەڵکوو دۆخی شەڕ بۆ هۆبز پەیوەندیی تەواوی بە دیبلۆماسییەتی ناکۆتای (*Unending Diplomacy*)نێوان ڕکابەرەکانەوە هەیە، کە ئەمان بە سرووشتی خۆیان لەگەڵ یەکتری یەکسانن و جیاوازییان نییە.

پرسیارەکە بۆ فۆکۆ و بۆ ئێمەیش ئەوەیە چۆن لە ناو شانۆیەکدا کە تیایدا بە تەنها ئاماژە و نمایشەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، نمایشێک بێ  شەڕ و پێکدادان، کە بۆ خۆیشی دۆخی جەنگە، دەبێتە هۆی لەدایکبوونی  سەرەوەریی، لێڤیتان،  (State)دەوڵەت؟

وەڵامی هۆبز بۆ ئەم پرسیارە، کاتیگۆریزەکردن و دابەشکردنی چەمکی سەرەوەرییە بۆ دوو بەش، ئەوانیش ئەمانەن: سەرەوەریی لە ڕێی دامەزراوەکان و سەرەوەریی لە ڕێی دەسکەوتەوە. هەرخۆیشی دواتر جۆری سەرەوەریی سێیەم باس دەکات کە بریتییە لە سەرەوەریی  وەک هێز و هەژموون لە ڕێکخستنی ئەو دوو سەرەوەرییەی تردا.

 ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە تۆ لە لایەک سەروەت و سامانێکت بەهۆی دامەزراوەکانتەوە هەیە، لە لایەکی تریشەوە سەروەت و سامانێکت بەهۆی دەستکەوتەوە هەیە.

فۆکۆ بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم تێزەی هۆبز دەڵێت: با وای دەنێن پرسیار لە خۆمان دەکەین، تا بزانین چی ڕوو دەدات کاتێک تۆ دۆخی جەنگت هەیە، لێ کۆتایی بە دۆخی جەنگ دێنێت؟

فۆکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: دووبارەی دەکەمەوە، مەبەستم دۆخی جەنگە بەبێ بوونی خودی جەنگ، واتە ئەو کاتەی بە تەنها نمایش و هەڕەشەی جەنگ لە ئارادایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیش ئەوەیە پیاو لەم دۆخانەدا بڕیار دەدات، لێ کام بڕیارە؟ هەڵبەت بە هیچ شێوەیەک بڕیارەکە ئەوە نییە تۆ واز لە مافی خۆت بێنیت و بیدەیتە دەست ئەوانی تر. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، لەم کاتانەدا بڕیاری ئەوە دەدەیت کەسێک ڕاسپێریت، یان کۆمەڵە کەسێک ڕادەسپێریت تا نوێنەرایەتییت بکەن. ئا لێرەیشدا مانای سەرەوەر جارێکی تر خۆی پێناسە

دەکاتەوە، چونکە ئەوە سەروەرە دەتوانێت ڕابەرایەتیی و نوێنەرایەتیی ئەو کەسانە بکات وا هەر لە سەرەتاوە هێز و دەسەڵاتی خۆیانیان داوەتێ تاوەکو ئەویش یان ئەوانیش، نوێنەراتی خەڵکەکە بکەن. دووبارە پێویستە ئەوە بزانین کە سەرەوەر ئەو کەسە نییە وا ماف و هەقی کەسەکان بۆ خۆی بەرێت، بەڵکوو ئەوەیە وا دەچێتە شوێنی ئەوان و هەموو هێز و دەسەڵاتی ئەوان بۆ خۆی دەبات تا بتوانێت بڕیار لە باشە و چاکەی ئەوان بدات. هۆبز لە مبارەیەوە دەڵێت: (سەرەوەر بوونی کەسەکان هەڵدەگرێت). بە ڕای هۆبز هەر کاتێک ئەم خستنەبرییە لە نێوان خەڵک و سەروەردا ڕووی دا، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو خەڵکانەی خۆیان داوەتە دەست سەروەر لە ناو کەس یان کەسانی سەروەردا ئامادەگی و بوونیان هەیە. هەر لەبەر ئەوە سەرەوەر هەرچیەک بکات و بڵێت، واتە ئەوانیش وەک خەڵک دەیڵێن و دەیکەن، چونکە ئەوان خۆیان هەر لە سەرەتاوە سەروەریان درووست کردوە و مافی نوێنەرایەتیی و ڕابەرایەتییان داوەتە دەستی، هێزی سەرەوەر لە خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەڵکانەی لە سەرەتاوە داویانەتە دەستی و ڕادەستی ئەویان کردووە. بە مانایەکی تر، سەروەر مۆدێلێکی تری کەسەکانە، خەڵکە، مۆدێلێک، کە دەتوانین بڵێین هەم کەسایەتییەکی دەستکردی هەیە، چونکە زادەی ئەوانەیە وا درووستیان کردووە، هەم مۆدێلێکی ڕاستەقینەشە، چونکە توانای بڕیاردانی بە سەر ئەوانەدا هەیە وا خۆیان درووستیان کردووە. تەنانەت لەو کاتانەیش سەروەر بە سرووشتی خۆی وەک پاشا و مۆنارک لە دایک دەبێت و دێتە دونیاوە، لێ هێشتا هەر بە دیوێکیدا کەسایەتییەکی دەستکردی هەیە. سەروەر وەک کەسایەتیی دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەشی کۆمیتەیەک پاڵپشتیی بڕیارەکانی دەکەن.

ئەم وەسفەی سەرەوە بۆ تێگەیشتن بوو لەو سەروەت و سامانەی لە ڕێی دامەزراوەوە کەڵەکە و درووست دەبێت. هەر بۆیە لێرەدا ئەوەی سەرەوەر ڕێکی دەخات و بەڕێوەی دەبات، ئەم سێ شتەن: نمایش، ئیرادە، هاوکات ئەو پەیمانەیەشی لەگەڵ سەروەر بۆ ڕێکخستن و بڕیاڕدان دەبەسترێن.

شێوازەکەی تری سەروەت و سامان کە لە ڕێگەی دەسکەوتەوەیە، تەواو جیاوازە، چونکە ئەمیان لە سەر پەیوەندیی هێز درووست بووە، بنەوان و بنیادەکەشی مێژوویی و هەقیقیی خێرا و بەدەستوبردە.

بۆ ئەوەی لە میکانیزمەکانی ئەم جۆرەی سەروەریی تێبگەین، ئەوا باسی دۆخی پریمتیڤی جەنگ ناکەین، بەڵکوو قسە لە سەر گۆڕەپانی ڕاستەقینەی جەنگ دەکەین، ئەو جەنگەی خوێنی تیا دەڕژێت. بۆ شیکاری ئەمەش فۆکۆ دەڵێت؛ بۆ ئەوەی لەم مۆدێلەیان بگەین؛ ئەوا پێویستە بچینەوە سەر مۆدێلی یەکەم کە مۆدیلی دامەزارەوەیە، واتە تۆ لە سەرەتاوە دەوڵەتێک و سەروەرێک هەیە کە بە مۆدێلی یەکەم، واتە مۆدێلی دامەزراوە درووست بووە. گریمان ئەم دەوڵەتە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی جەنگێکی ڕاستەقینە و پێویستی بە بڕیاری یەکلاکەرەوە و پێکۆڵی سوپایە. جا با وایدانێین یەک لەو دەوڵەتەی بەم شێوەیە درووست بووە بەرانبەر ئەوی تر دەدۆڕێت، سوپاکەی دەشکێت و سەروەرییەکەیشی نغرۆ دەبێت، جا دوژمن وڵاتەکە داگیر دەکات و خێر و بێریشی دەکەوێتە ژێر چنگ. فۆکۆ دەڵێت؛ ئەمە ئەوەیە وا ئێمە هەر لە سەرەتاوە لێی دەگەڕێین و دەمانەوێت باسی بکەین، ئەویش جەنگی ڕاستەقینە و شەڕی مان و نەمان و گۆڕەپانی جەنگی ڕاستەقینەیە، ئەو جەنگەی پەیوەندیی هێزی ڕاستەقینە، سەرکەوتوو و دۆڕاو هێڵکێش دەکات. جەنگێک کە دۆڕاوەکان دەکەونە ژێر ڕەحمەتی براوە و سەرکەوتووەکانەوە. ئەگەر وایدانێن دۆڕاو و بەزێنراو دەکەونە ژێر دەستی براوە و سەرکەوتووان، دەکوژرێن، جا دەوڵەتەکە خۆی سەروەریی لەدەست دەدات، چونکە ئەوانەی سەروەریی دەوڵەتەکە

بوون کوژران و لەناو چوون، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەی چی ڕوو دەدات گەر دۆڕاوەکان نەکوژرێن و بمێنەوە، چی ڕوو دەدات کاتێک براوەکان بڕیاری ئەوە دەدەن شتێک لە ژیان بە دۆڕاوەکان ببەخشنەوە؟

لەم ڕەوشەشدا بە ڕای فۆکۆ ئەم دوو شتە ڕوو دەدەن؛ یان ئەوەتا ئەوانەی ماون دژی براوەکان یاخیی دەبن و شۆڕش هەڵدەگیرسێنن، بە مانایەکی تر، جەنگێکی نوێ بەرپا دەکەن تا جارێکی تر پەیوەندیی هێز ڕێک بخەنەوە، واتە دەچنەوە سەر شەڕەکەی یەکەم جار، کە تیایدا لانیکەم بە ڕای خۆیان دۆڕانەکەیان لە شوێنێکدا وەستاوە و دەتوانین بە بەردەوامیی شۆڕش و خەبات و بردنەوە و سەرکەوتن چنگ بخەن. کەواتە یان بە تەواوی ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیی و لە شۆڕش بەردەوام دەبن، یاخود هیچ شەڕێک بەرپا ناکەن، بەڵکوو مل بۆ دۆڕانەکەی خۆیان دەخەوێنن و ملکەچی براوەکان دەبن، کاریان بۆ دەکەن، خۆیان و وڵاتەکەیان ڕادەستی براوەکان دەکەن، نەک ئەوەیش بەڵکوو باج و سەرانەیەشیان دەدەنێ تا زامنی مانەوەی خۆیان و ئەو برە لە ژیان بکەن کە ئەوانی تر پێیان دەبەخشن.

لەم تێڕوانینەوە جارێکی تر دێینەوە سەر پرسی ستەمکاریی و داگیرکاریی. ستەمکاریی وەک دەرئەنجامی داگیرکاریی و شەڕی ڕاستەقینە، ستەمکاریی وەک پەیوەندیی هێز لە نێوان براوە و دۆڕاودا، فۆکۆ دەڵێت: پرس و پەیوەندیی ستەمکاریی بە هێزەوە نەک بە سەروەریی، لێ لەملایشەوە هەر خۆی بیرمان دەخاتەوە کە هۆبز بەم شیکارییە ڕازیی نابێت، بەڵکوو بە ڕای هۆبز مژارەکە هێشتا پەیوەندیی بە خودی سەروەریی و هەژمووونی هێزەوە هەیە.

## ئەی داخۆ هۆبز چۆن بیر لە پەیوەندیی سەروەریی بە هێزەوە دەکاتەوە؟

فۆکۆ لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە سەرەووەریی لە دیدی هۆبزەوە دەڵێت: بە ڕای هۆبز کاتێک دۆڕاوەکان خولیای ژیان و ملکەچیی خۆیان بۆ براوە و سەرکەوتووەکان پیشان دەدەن، ئەوا دیسانەوە سەرەووەریی خۆیان هەڵدەبژێرنەوە، سەروەرێکی تر بۆ جێگرتنەوە و لە بری ئەوەی لە جەنگەکەدا کوژرا. هەر بۆیە ئەوە دۆڕاوەکان نین بە شێوەیەکی تۆقێنەر و دڕندانە کۆمەڵگەیەک لە سەر بنەمای ستەمکاریی کۆیلایەتیی و خزمەتکاریی بنیاد دەنێن، ئەوەی لە کاتی دۆڕاندنی جەنگەدا ڕوو دەدات، یان کاتی جەنگەکە، یاخود دوای تەواوبوونی دۆڕاندنەکە، خودی ترسە، یان یەکگرتنەوەی ترسەکانە، یاخود کەڵکە و هەڕەشەی مەرگ و لەناوچوونە. بە ڕای هۆبز ئەم ترس و هەڕەشەی مردنەیە ئێمە دەباتەوە بەرەو نەزمی سەرەووەریی، واتە ڕژێمی یاسایی دەمانباتەوە سەر خاڵی سفری هێزی ڕەها.

کارە گەورەکەی هۆبز کاتێک دێتە سەر پرسی سەروەریی ئا لێرەدایە، لەم بەشەدایە ئێمە بەر سێگۆشەی سەرەووەریی، کە بریتییە لە ئیرادە-ترس-سەروەریی لە خاڵی سفردا، دەکەوین. چونکە هۆبز باسی جۆرێکی تری سەروەریی دەکات یان با بڵێین جۆری سێهەم بۆ سەروەریی دامەزراوە و سەرەووەریی دەستکەوت زیاد دەکات، ئەمە هاوشیوەی ئەوانە، لێ ئەم جۆرە لە سەروەریی پاش جەنگ و بە تایبەت دوای دۆڕاندنی جەنگ درووست دەبێت. من ئەم جۆرەی سەروەریی بە سەروەریی هۆگریی ناو دەبەم، چونکە هۆبز لە وەسفی ئەم سەروەرییەدا دەڵێت: (ئەو جۆرە پەیوەندیی و ڕایەڵەیەی مناڵ لەگەڵ دایک و باوکی هەیەتی، بە تایبەت لەگەڵ دایکی(. هۆبز دەڵێت تەماشای مناڵێکی تازەلەدایکبوو بکەن، دایک و باوکی (باوکی لە کۆمەڵگەیەکی شارستانیی، دایکیشی بە نەزمی سرووشتیی) ئەم دایک و باوکە ڕێ نادەن مناڵەکەیەن بمرێت.

مناڵ بێ دایک و باوکی، بە تایبەت بەبێ دایکی ناتوانێت بژی و گەشە بکات، گریان و کوڕوزانەوە وەک ئاماژەیەک بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی بەکار دەهێنێت، بۆ چەندین ساڵ منال خاوەنی ئیرادەی خۆی نییە، بەڵکوو ئیرادەی دایک و باوکی جێبەجێ دەکات، چونکە ئەوە ئەوانن مافی مانەوەی دەستەبەر دەکەن. دایک سەرەوەریی خۆی بە سەر مناڵەکەیدا دەنوێنێت. بە ڕای هۆبز ملکەچیی و گوێڕایەڵیی مناڵ بۆ دایکی بۆ ئەوەیە تا ژیان و بوونی خۆی دەستەبەر بکات. بە ڕای هۆبز ئەم ملکەچییەی مناڵ بۆ دایکی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ملکەچییەی دۆڕاوەکان بۆ براوەکان نییە کاتێك جەنگەکە تەواو دەبێت.

فۆکۆ دەڵێت دەبێت هەر بەم شێوەیە لەم شیکارییەی هۆبز بگەین کە ئەو دەیەوێت ئەوەمان بۆ نیشان بدات کە فاکتەرە جەوهەریی و بڕیاردەرەکانی دروستبوونی سەروەریی پەیوەندیی بە جۆری ئیرادە، یاخود شێوازی دەربڕین و گوزارشتکردنەوە نییە، بە مانایەکی تر، سەروەر ئەوکاتە درووست نابێت کە ئێمە چەقۆمان لە سەر مل بێت، یان بە ڕاستەوخۆ بزانین چیمان دەوێت تا داوای بکەین. بەڵکوو بۆ ئەوەی سەروەریی بێتە بوون، ئەوا پێویستمان بە ئیرادەیەکی ڕادیکاڵ هەیە بۆ ژیان، ئیرادەیەکی ئەوەندە تۆکمە کە هێزی ژیانمان بداتێ، ئەگەر چی ئەمەیش ئەستەمە ئەگەر ئەوی تر مافی ژیانت نەداتێ.

ئەو هێزەی ئارەزووی ژیانمان دەداتێ هێزی مانەوە لە بری مردن، هەر ئەو هێزەیە سەروەریی جارێکی تر دەدۆزێتەوە و پێناسەی دەکاتەوە. سەروەرییەک، کە بەها یاسایی و شەرعییەکەی هێندەی ئەو سەروەرییە ماناداره وا لە ڕێی دامەزراوە و هاوپەیمانییەوە درووست بووە. فۆکۆ لێرەدا بە پاڵپشتیی هۆبز دیسان دەڵێتەوە کە ئەوەی لێرەدا سەنگی مەحەکە و شتەکان ڕێک دەخات، خودی جەنگەکە نییە، بەڵکوو ترس و هەڕەشەی بەرپابوونی جەنگە، واتە ئەوەی سەرەوەریی تۆ وەک دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە، ترس و هەڕەشەی جەنگە نەک خودی جەنگ خۆی. ڕەنگە لێرەدا نموونەی وڵاتی سوید لەم گۆڕانکارییانەی ئێستا بە تایبەت لەگەڵ ڕووداانی شەڕی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا نمونەیەکی باش بێت بۆ ڕوونکردنەوەی تێزەکەی هۆبز و شیکارییەکەی فۆکۆ. ئەوەی سویدی لەرزان و وای لێ کرد ببێتە بەشێک لە هێزی ناتۆ بۆ پاراستنی سەرەوەریی خۆی، هەڵگیرسانی جەنگ نەبوو دژ بە وڵاتەکەی، بەڵکوو هەڕەشە و ترسی بەرپابوونی پەلامار و ئەگەری جەنگی ڕووسیایە دژ بە سوید.

بۆ ئەوەی کۆتایی بە تێزەکەی هۆبز سەبارەت بە جەنگ و پەیوەندی هێز بێنین، ئەوا دەڵێین گەڕانەوە بۆ چەمکی جەنگ بە یارمەتیی تێزەکانی هۆبز گەڕانەوەیەکی سەرپێیی نییە، بەڵکوو پیشاندانی ڕەگوریشە دێرینەکانی ئەم چەمکەیە بە درێژایی مێژووی سیاسەت. قسەکردنی هۆبز لە سەر جەنگ وەک چارەنووسێکی حەتمیی مرۆڤ بۆ پیرۆزکردنی جەنگ و کەڵکەڵەی هەڵگیرسانی جەنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی هۆبز کاری لە سەر کردووە، سنوردانانە بۆ داگیرکاریی و ستەمکاریی، هەڵبەت بۆ ئەو لە کاتی خۆیدا داگیرکرنی نیشتمانەکەی خۆی. هەر بۆیە گەڕانەوە بۆ مێژووی جەنگ و ئاکامەکانی ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک ئێمە باسی پەیوەندیی هێز و دەسەڵات دەکەین، ئەوا ناتوانین باسی ماف و دادپەروەریی بکەین، واتە هەموو قسەکردنێک لە سەروەریی و چەمکی دەوڵەت قسەکردنە لەسەر خودی داگیرکاریی و ستەمکاریی. چونکە گەر بەم شێوەیە تەماشای داگیرکاریی نەکەین وەک بەرهەمی پەیوەندی هێز و دەسەڵات، ئەوا هەرگیز لە چنگی داگیرکاریی و ستەمکاریی قوتارمان نابێت. بە ڕای فۆکۆ گەر لە چنگی داگیرکاریی ڕزگارمان نەبێت، ئەوا لە خودی مێژووی ستەمکارییش ڕزگارمان نابێت. کەواتە دەبێت هەر بەم شێوەیە لە گوتاری فەلسەفە سیاسیی و یاساییەکەی

هۆبز بگەین کە ئەو بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت دابڕانێک لەم مێژووەگەراییە سیاسییەی وا لە کێشمەکێشی سیاسیی سەدەی حەڤدەدا زۆر کارا و ئاکتیڤ بوو، درووست بکات.

## بەشی سێیەم

## ئاپۆ لە نێوان ئیمان و بێئیمانی بە دەوڵەتدا

ئێستاکە مقۆمقۆی درووستبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ وا لەگۆڕێ، هەمووی باسی نەخشەی تازە و نوێ بۆ ناوچەکە دەکەن، هەمووی قسە لە سەر ئەمەریکا و دەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە درووستبوونی و نەخشەندانی ئەم نەخشە نوێیەدا دەکەن، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم گۆڕانکارییانە بەرەو پێشەوەمان دەبات و ڕزگارمان دەکات یاخود دەمانباتەوە دواوە؟ یان ئەمە خۆی خاڵی بنبەست و چەقبەستنە لە ناو گێژەڵۆکەی هێز و هەژموونی زلهێزەکانی دونیادا؟ یان هێشتا ئەمەیش ڕوون بەرچاو نییە، هەر بۆیە زۆرێک لە سیاسییەکان بە دۆخی خۆڵەمێشیی و دۆخی گواستنەوەی قۆناغێک بەرەو قۆناغێکی تر ناوی دەبەن.

بە گەڕانەوە بۆ دیدوبۆچوونەکانی ئاپۆ سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئەوا پێشوەخت پێویستە پێناسەیەکی ڕاست و درووستی چەمکی دەوڵەت بکەین، چونکە هەموو ئەم تەمومژ و ناڕوونییەی لە دەوری ئەم قۆناغە نوێیە هەیە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە بوێریی ئەوەمان نیە بە ڕوونیی بچینەوە سەر مێژوو و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت و پێناسەی دەوڵەت وەک خۆی بکەین. ئاپۆ ئاماژە بە (باکۆنین) دەکات وەک بیرمەندێکی ئانارشیست کە باوەڕی  وایە دەوڵەت بریتییە لە (خراپەی ڕەها و موتڵەق) ئەو خراپەیەی زەرورەتە و بوونی پێویستییەکی جەبرییە بۆ هەموو میللەت و نەتەوەیەک. دەوڵەت بوونێکی هێندە جەبریی و زەروورییە بۆ هەموو نەتەوەیەک کە تەنانەت مارکسیش نەیانتوانیوە چەمکی دەوڵەت تێپەڕێنێت بە قۆناغێکی زەروریی و ئیجباری بینیویەتی. وەلێ ئەوەی ئاپۆ لە مارکس جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە دەوڵەت نییە، چونکە خودی دەوڵەت هەر لە سەرەتاوە ئامراز و دەساوێژی کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتیە، دەوڵەت بەبێ داگیرکاریی و ستەمکاریی ئەوانی تر درووست نەبووە و درووستیش نابێت، بەم مانایەش بێت دەوڵەت نە زەرورەتە و نە ئیجباریشە، ئاپۆ ڕاشکاوانە دەڵێت: (ئەگەر منیش پێشتر خلیسکابێتمە ناو گەمەی باوەڕبوون بەوەی "ئازادیی پێویستی بە هەژموونی دەوڵەت"ە، ئەوا تاوانێکم کردووە، خودی تاوانەکەم لە ڤایرۆسی شەڕ و هەژموونی دەسەڵاتەوە هاتووە، باوەڕ و یەقینم بەوەیە چارەسەری هەموو کیشەکان لە درووستبوونی دەوڵەتدایە، ئەو دەوڵەتەیش بە شەڕ درووست دەبێت و بە شەڕ و جەنگ سنوورەکانی دیاریی دەکرێت، ئەم باوەڕە بۆ ئێمەیش وەک قسەی قورئان وابووە، ئەم ئیمان و یەقینە نەک هەر بۆ من بەڵکوو نەخۆشییەکە بە زمان و سەروێرد و زهنی هەموو سەرکردەی چەوساوەکانەوەیە، منیش وەک سەکردەیەک  لەم نەخۆشییە بەدەر نەبووم، هەر بۆیە دەڵێم تاوانبارم).

چونکە ئەزمونەکانی دەوڵەتبوون لە یەکەم دەوڵەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، تا دەوڵەتی ئێستای سەرمایەداریی، کە ئەمەریکا ڕابەرایەتیی دەکات، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە دواتر هەمووی دەبێت بە چەتە و ڕێگر لە بەردەمی ئەوانی تر، دەوڵەت بێ چەوسانەوە و داگیرکردنی ئەوانی تر وەک بوونێکی تۆکمە و پیرۆز، ناتوانێت خۆی ڕابگرێت و درێژە بە خۆی بدات. هەر بۆیە بۆ ئاپۆ پێناسەی دەوڵەت نەک

نابێتەوە بە زەرورەت و پێویستییەکی ئیجباریی، بەڵکوو بە وەرهەمێکی خراپ و کوشندەی مرۆڤایەتی ناوی دەبات و پێی وایە دەبێت ئەم وەرهەمە لە ڕەگوڕیشەوە ببڕیتەوە. بۆ ئەوەی ڕەگوڕیشەیشی بزانین ئەوا دەبێت بچینەوە سەر مێژووی درووستبوونی یەکەمین دەوڵەت کە دەوڵەت سۆمەریی و ڕاهیبەکانە. هەڵبەت لێرەدا ئاپۆ مەبەستی لە دەوڵەتە وەک ئادات و ئامرازی دەسەڵاتگەرایی و چەوسانەوە و ستەمکاریی، لێ بەشەکەی تری دەوڵەت کە پەیوەستە بە بەرهەمی گشتیی و ئاسایش و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی، ئەوا ئاپۆ باسی دیموکراتی دەکات وەک ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەوڵەت، واتە دیموکراتی لە ناو بونیادی دەوڵەتدا نا، بەڵکوو خودی دیموکراتی لە بری ئەو بوونەی پێی دەوترێت دەوڵەت.

جێی سەرنجە ئەم تێزە لە ڕابەر و سیاسیەکی وەک ئاپۆ بێت، ئاپۆ وەک یەکێک لە هەرە سەرکردە لێهاتووەکانی کورد، کورد وەک گەورەترین میللەتی دونیا کە تا ئێستایش خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، هەر بێ دەوڵەتیی و لەتبوونی لە چوار دەوڵەتی ناوچەکە کردوویەتی بە پارووەیەکی ئاسان بۆ هەر لایەک بیەوێت زەفەری پێ ببات! ئێمە وەک کورد چۆن بتوانین ئەم تێزەیەی ئاپۆ قبوڵ بکەین کە ئەم تێزە بۆ خۆی دژەتێزی ئاپۆ خۆیەتی لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە هەڵوەشانەوەی خەونی ملیونەها کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ درووستبوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ، خەونێکی دێرین بۆ ئازادبوون لە چنگی داگیرکاریی تورک و عەرەب و فارس. هەر بۆیە بۆ ئەوەی لە خۆمانەوە ڕەتی تانە و ڕەخنە لە ئاپۆ نەدەین و هەوڵەکانی بۆ ئاشتی بە کەم نەگرین، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا لە ئیمان بێ ئیمانی ئاپۆ بە دەوڵەت بگەین، ئەوا لانی کەم  پێویستە زۆر بە وردیی پارادیمەکەی و ستراتیژی پارادیم و کۆی تێزەکەی، بە وردیی بخوێنینەوە.

بە ڕای ئاپۆ هەموو ئەو کۆمەڵناس و عارفانەی دەستیان بۆ پرسی دەوڵەت بردووە و تیوریزەیان کردووە، هەر هێندەی ڕاهیب و کاهینە سۆمەرییەکان لەم چەمکە گەیشتوون. لێرەیشدا ئاماژە بە مارکس دەکات، بەو پێیەی ئاپۆ هەر لە سەرەتاوە زۆر لە ژێر کاریگەریی مارکسدا بووە.

بە ڕای ئاپۆ دەکرا چارەنووسی سەرمایەداریی سەرکەوتن و گەشەسەندن نەبێت وەک گەورەترین زلهێزی دونیا کە هیچ نەماوەتەوە هەڵی نەلووشێت و ڕاینامەڵێت.  وەک ئەوەی مارکس پێی وابوو سەرمایەداریی و هەموو سیستەمە چینایەتییەکانی تریش هێڵێکی ئیجباریی و زەرورەتێکی مێژوویی بوو و نەدەتوانرا خۆمانی لێ لادەین، بەم دیدەیشی مارکس باشترین یارمەتیی و پاڵپشتی سیستەمی سەرمایەداریی کردووە، سەرەڕای هەموو هەوڵە جدییەکانی دژی سەرمایەداریی، دواجار بە قازانجی سەرمایەداریی و سیستەمەکە شکاوەتەوە، چونکە کاتێک ئێمە باسی یاسا و قانوونی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئەخلاقیی دەکەین، ئەوا ئەم یاسایانە لە جەوهەری خۆیاندا شلیی و نەرمییەکیان تێدایە و ناکرێت هەمان شێوەی یاسای فیزیا و کیمیا و بایەلۆژیا یاسای ئیجباریی و زەرورەتی بوونیان بە سەردا جێبەجێ بکەین. واتە ناکرێت  ئێمە باوەڕمان بەوە بێت گۆڕانکارییەکان بە خەت و هێڵێکی ڕاست و ڕێکدا دەڕۆن، بەڵکوو خودی گۆڕان لە هەناوی کایۆس و گێژاوەوە دێت، ئەوەی ئێمە باوەڕمان بە حەتمیەت و قەدەری ئەو ڕاستتیە بێت کە شتەکان بە خەتێکی ڕاستدا دەڕۆن، ئەوا ئەم باوەڕە لە جەوهەریدا دیدێکی دینیی لەخۆ دەگرێت و سەرەتاکەیشی هەر دەگەڕێتەوە بۆ درووستبوونی یەکەم دەوڵەت و کرۆکی دەوڵەت وەک پیرۆزی ڕەها و هیچ هەلێک بۆ هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە.

ئاپۆ پێی وایە ئێمە پێویستمان بە زانستێکی نوێی سۆسۆلۆژییە تا هەڵەکانی کۆن ڕاست بکەینەوە و بوێرین شتەکان وەک خۆیان ناو ببەین. پێویستە بگەڕێینەوە سەرەتای زۆر سەرەتا، ئاماژەکردن بە کۆمەڵگەی مەشاعیی و

سەرەتایی بە تەنها وەک کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی، کە وەک جەبر و زەروورەتی مێژوو بەجێمان هێشتووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەردەوامیی و درێژەپێدانە بە کرۆکی ستەمکاریی، چەوسانەوە، دەسەڵاتگەرایی دەوڵەت. بە ڕای ئاپۆ ئێمە دەبێت وەک یەکەم خانەی سەرەتایی درووستبوونی کۆمەڵگە تەماشای کۆمەڵگەی سەرەتایی بکەین، نەک ئەوەیش بەڵکوو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەم سەرەتایە و هەر لەوێشەوە دەست پێ بکەینەوە، تا بتوانین لە هەژموون و دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرمایەداریی ڕزگارمان بێت، کە لە ئێستادا ئەمەریکا سەروەریی و نوێنەرایەتیی دەکات، کۆمەڵگەی سەرەتایی وەک ڕەحم و دایکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، لێرەیشدا ئاپۆ جەخت لە دایک و وێنای دایک وەک خوداوەند دەکاتەوە.

هەمدیسان بۆ ئاپۆ ئەوەی لە نێو مێژووی مرۆڤایەتییدا مەزن و مەزنتر دەبێت، ئەوەی تا بێت هەڵدەئاوسێت و گەورە دەبێت، بە جۆرێک ئیتر خۆی لە نێو خۆیدا جێی نابێتەوە، هەژموون و دەسەڵاتی دیموکراتیی نییە، بەڵکوو دەسەڵاتگەرایی، ستەمکاریی، چەوسانەوەیە، ئەمەیش بە پاڵپشتیی دەسەڵات و جەنگ کراوە، بە بەردەوامیش دەکرێت، تەماشاکردنی دەسەڵات و هەژموونی شەڕ بە واتا تەسکەکەی ئەقڵ و ئیدراک، خولیای گەورەبوون لە ناو بنیادی دەوڵەتدا بە بیانووی دەسەڵات بۆ گەشەسەندنی ئیجباریی و زەرووری دەوڵەت، خۆی جەوهەری کێشەکانە. هەر بۆیە ئێمە پێویستمان بە جیاکردنەوەی هونەری سیاسەتە لەگەڵ عەسکەرتاریەت، هونەری سیاسەت بۆ بەڕێوەبردن و ئاسایشی گشتیی. بە ڕای ئاپۆ ئەوەی تۆزێک ئیدراکی هەبێت لەم جیاکردنەوەیە تێدەگات، چونکە دەرئەنجامی جودانەکردنەوەی ئەم دووانە لەیەکتر، دەرەنجامی کارەستباری بۆ مرۆڤایەتیی لێ کەوتووەتەوە، هێشتا هەر بەردەوامیشە، گەر خۆمانی لێ دەرباز نەکەین، ئەوا بە کۆتایی مرۆڤایەتی تەواو دێت.

واتە جیاکردنەوەی ئیدارەی دیموکراتیی لە ئیدارەی ستەمکاریی جەوهەری تێگەیشتنمانە لە چەمکی دەوڵەت. بۆ ئەوەی ئەم جیاکردنەوەیە بکەین، ئەوا پێویستمان بە زەمینەسازییە لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکییدا، هەڵبەت لە هیچ شوێنێکی تێزەکەی ئاپۆ ئەوە نەهاتووە کە تۆ وەک ئیدارەیەکی دیموکراتیی خاوەنی هێز و میلیتاری خۆت نەبیت وەک میللەت، لە کاتی جەنگدا دەستەوسان بوەستیت تا کۆمەڵکوژت بکەن.

ئەم گەڕانەوە پاشەوپاشەی مێژوو بۆ ئاپۆ قسەکردنێکی سەرپێی و هەنووکەیی نییە، بە تەنها زادەی کاریگەریی چەوسانەوەی خۆی وەک زیندانیەکی سیاسیی بۆ زیاد لە بیست و پێنج ساڵ لە دورگەی ئیمراڵی نییە، کە زۆرێک لە کاڵفامی خۆیان پێیان وایە ئێمە نابێت گوێ بۆ ئاپۆ بگرین و تێزەکانی بە هەند وەربگرین وەک کورد وەک میللەتێکی بێ دەوڵەت، چونکە ئاپۆ ئەم قسانەی لە ژێر کاریگەریی زیندانە تاکە کەسییەکەی خۆیدا کردووە.

بۆ هەر کەسێک بایی مسقاڵەزەرەیەک ئاشنای خوێندنەوە و فیکر بێت، ئاگای لە تیۆرییە فکریی و فەلسەفییەکان بێت، ئەوا دەتوانێت درک بەو ڕاستییە بکات کە هەموو ئەو نووسینانەی ئاپۆ لە زیندان نەک زادەی ئەزموونی تەنیایی جەبریی و چەوسانەوەی تایبەتیی خۆی نییە، بەڵکوو زادە و بەرهەمی ئیدراک، ڕامان، خوێندنەوەی قووڵ و ورد، زادەی هەرسکردنی میراتێکی مێژوویی لە خودی مێژووی مرۆڤایەتییە، زادەی مێژووی چەوسانەوە و سەرکوتکردنی مرۆڤایەتیی بە گشتیی و ژن و دایکە بە تایبەتیی. سڕینەوەی تەواوی مێژوویەکە کە ئێمە لێوەی هاتووین و تاکە چارەیەکیشمان هەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرەتایە، تا لەوێوەوە دەست پێ بکەینەوە، جا ئەمە ئەگەر هەلێک بۆ دەستپێکردنەوە مابێت.

هەر بۆیە بۆ من نەک پێویستە ئاپۆ بخوێنینەوە و وەک فەیلەسووفێکی دەگمەن لەگەڵی بڕۆین، بەڵکوو پێویستە لە سەر نووسینەکانی بوەستین و ڕاڤە و شرۆڤەی ڕژد و قووڵی بۆ بکەین، ئەوکاتە لە ئاپۆ تێ دەگەین کە لە چنگی

سیاسەت و چەمکی ( شەڕ-ئاشتی) نێوان تورک و کورد، دەری دەهێنین و جارێکی تر نەک بە تەنها بۆ کورد، بەڵکوو بۆ مرۆڤایەتیی سوودی لێ وەردەگرین، وەک سەرەتایش دەگەڕێینەوە سەر ئەو چوار ئاستەی تێزەکەی.

قۆناغی یەکەم: کە قۆناغی دارمان و شکستی بێشوماری هێز و هەژمونی شەڕگەراییە. هەموو فەتحکەرانی مێژوو، هەموو ئەوانەی بە سەرکەوتنەکانیان بانگەشەی ئەوەیان کردووە ڕووداوی مێژوویی ئاوارتە و گەورەی سەربازییان ئەنجام داوە، نەک ئەوەیش بەڵکوو سەپاندنی ئەم سەرکەوتنانە وەک سەروەریی لە مێژوودا، وەلێ ڕاستییەکەی ئەمە نەک ڕاست نیە و هەقیقەتی ئەو مێژووە نییە، بەڵکوو ڕاستییەکەی سیستەمێکی کۆیلایەتییان سەپاندوە، چونکە دواتر هەموو شتەکان، هەموو مرۆڤەکان، یان وردتر بڵێین دۆڕاوەکان لە ژێر چوارچێوەی هێز و هەژموونی یاسادا بوون، کە یاسا و هەژموونی فەتحکەران و براوەکانی شەڕەکە بوون. لێرەیشدا هیچ بوار و هەل و شوێنێک بۆ نارەزایەتی و دژایەتیی نامێنێتەوە، تەنانەت لە سەر ئاستی دەروونیی و زهنیش ناتوانین بیر لە شتێکی جیاواز بکەینەوە، دواجار بە یاسای ئەوان هەڵدەکەیت، دەژیت و هەر بە یاسای ئەوانیش دەمریت. لێرەیشدا ئاپۆ ئاماژە بە هەموو سیستەمە تۆتالیتارییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی دەکات، بە تایبەت سیستەمە ئیمپراتۆریی و فاشییەکان، هەڵبەت سیستەمی مۆنارکیش لەمە نەک بەدەر نەبووە، بەڵکوو بەرجەستەی تەواوی ئەم قۆناغەیە. لێرەیشدا هەژموون و دەسەڵاتی دین و فتوحاتە دینییەکانمان بیر نەچێت.

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە بە پێچەوانەی ئەوەی یەکەمەوە بریتییە لە سیستمی ژیانی ئازاد بۆ کۆمەڵگە بە هەموو چین و ئاستە جیاوازەکانییەوە لە خێڵ، کڵان، گەلانی جیاواز، لێرەدا گرووپ و چینە جیاوازەکان دەتوان بە زمانی خۆیان بدوێن و بنووسن، دەتوان پارێزگاریی لە کەلتووری خۆیان وەک ئەوەی هەیە  بکەن و بپارێزن، ئەم سیستمە دژ بە سیستمی تاڵانچێتیی و شەڕانگێزییە کە لە ژێر پەردەی دەوڵەتی هەرەمیدا خۆی شاردووەتەوە. ئەمەی لێرەدایە سیستمێکە گوزارشت لە هەڵسوکەوتی خەڵکی خۆڕاگر و بەئەمەک دەکات، خەڵکانێک کە شکستیان نەهێناوە. هەموو ئەو جۆرە نەتەوانەی لە دڵی بیابان، شاخ و جەنگەڵەکاندا ماون، بە هەمیشەیی بەرەنگاری هێرش و درەندی هێزی شەڕ دەبنەوە، ئەوانە دەتوانین چاویان لێ بکەین، بە مانایەکی تر هەموو ئەو گرووپ و خەڵکانەی لە سەر بنەمای سیستمی یەکەم و لە کێشمەکیشی شەڕدا درووست نەبوون، دەتوانین وەک نموونەی ئەم سیستمە ببینین، چونکە جەوهەری ئەم سیستمە ئازادیی، سەربەخۆیی، یەکسانی دادوەرییە بۆ هەمووان. لێرەدا دەتوانین جارێکی تر بەر ئەشق بەر ئەدەب و مانای هونەریش بکەوینەوە.

قۆناغی سێهەم: لە سیستمی کۆمەڵایەتییدا ئەم جۆرە پێی دەوترێت دەوڵەتی  (ئاشتی و سەقامگیری)، لە سەرەتاوە ئەم دۆخە لە ئاستی هاوسەنگی نێوان هەردوو هێزەکەدا درووست بووە، لێ لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە، چونکە ڕوونە دۆخی شەڕ و پێکدادان بە هەمیشەیی و بە بەردەوامی بوون و کەینونەی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر هەڕەشەی گەورە و لەناوچوونەوە، ئەوانەی لە دۆخی شەڕی بەردەوامدان، ڕەنگە پەی بە گرنگیی و زەروورەتی بەرژەوەندیی هاوبەش نەبەن، هەر بۆیە بەپێی پەیمانی (ئاشتیی و سەقامگیریی) و بە ڕێگەی جیاواز بەرەو ئاشتەوایی دەڕۆن. لێرەیشەوە ڕێکەوتن و پەیمانی ڕێکەوتن بۆ ئاشتیی و سەقامگیریی، وەک مەرجێکی حەتمی بۆ مانەوەی هەردوولا دەبێتەوە بەردی بناغە بۆ ئاشتەوایی. ئەوکاتانەیش هەندێ جار ئەگەر هەموو ئەو مەرجانەیش جێ بەجێ نەبێت، وا هەردوولا ئیشیان بۆ کردووە و ئاواتەخوازن پێی بگەن، ئەوا دۆخەکە لە شەڕی موتڵەقەوە بۆ یەکلاکردنەوەی دۆزەکان دەڕوات بۆ نیمچەشەڕ تا هەڵگیرسانی شەڕیکی تر، ئەم دۆخە بۆ خۆی لە شەڕ سەختر‌ە، چونکە لە نێوان بەرخودانی گەلان و دەسەڵاتە نەدۆڕاوەکەیان

کە لە بنی دەسەڵاتەکەی سەرەوەیە، هەمیشە کەڵکەڵەی شەڕێک بە ڕێوەیە، هەر بۆیە دەتوانین ئەم دۆخی هاوسەنگییە لە چوارچێوەی شەڕ و ئاشتیدا بە (نیوەی شەڕ) وەسف بکەین.

قۆناغی چوارەم: ئەمەیش دوا قۆناغە و بۆ ئاپۆ دۆخی خاڵیبوونەوەیە لە کێشمەکێشی نێوان هێز و هەژموونی شەڕ-ئاشتی. ئەم قۆناغە لەدایک نابێت و نایەتە دی ئەگەر هەردوولا نەگەنە خاڵی ناوەڕاست بۆ دەستبەرداربوون لە شەڕ. ئاپۆ هەمدیسان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی، دەکرێت ئاشتی و ئاشتەوایی لە کۆمەڵگەی مەشاعیی سەرەتایی گەشەکردوودا باڵ بکێشێت و بەردوام بێت، یان بەوەی هەر لە سەرەتاوە ئەم کۆمەڵگەیە دووچاری کێشمەکێشی نێوان شەڕ و ئاشتی نەبووە، یان ئەوەتا خودی سیستمی شەڕ-ئاشتی تێدەپەڕێنێت. هەر لە ڕێی خودی کۆمەڵگەی مەشاعییەوە، چونکە لەم کۆمەڵگانەدا جێگەی شەڕ-ئاشتی نەبووە، جا گەر شتێک هەر لە سەرەتاوە بوونی نەبێت، ئەوا ئێمە پێویستمان بە خودی چەمکسازیی و قسەکردن و بە گرفتکردنی نییە. بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆمەڵگەی هەرەمیی و دەوڵەت، ئێمە ئەم جیاوازییە دەبینین وا شەڕ-ئاشتی لەگەڵ درووستبوونی دەوڵەت و هەیمەنە و هەژموونی دەوڵەت و پیرۆزی دەوڵەت درووست دەبێت.

## بەشی چوارەم

## مێژوونووس وەک جەنگاوەر

### جەنگ بەردەوامبوونی سیاسەتە بە شێوازی دیکە" -فۆکۆ"

هەر چۆنێک بە ناو مێژوودا بڕۆین، لە هەر کۆڵان و سووچ و پەنایەکییەوە تەماشای مێژوو بکەین و لێی وردبینەوە جگە لە جەنگ و شەڕی خوێناوی هیچی تر نابینین، مێژوو وەک ئاوێنەی جەنگ، جەنگیش وەک ئاوێنەی مێژوو. ئەم پەیوەندییە دانەبڕاو و تۆکمەیەی نێوان مێژوو و جەنگ وا لە فەیلەسووفێکی وردبینی وەک میشێل فۆکۆ دەکات بڵێت: "گرنگ نییە چەند دوور بڕۆینەوە بەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا، چونکە ئەو زانیارییە مێژووییەی هەیە و لەبەردەستماندایە باس لە سروشت، ماف، ڕێسا، ئاشتی و ئارامی ژیانی مرۆڤەکان ناکات، بەڵکوو بە تەنیا باس لە جەنگ و ئاکامەکانی جەنگ دەکات. بە دڵی خۆت بە ناو لاپەڕەکانی مێژوودا بگەڕێ جگە لە جەنگی بێکۆتایی، جگە لە هێز و دەسەڵات لە دژی هێز و دەسەڵاتێکی دیکە هیچی تر نابینن."

لەم ڕوانگەیەوە بۆ فۆکۆ مێژوو هیچ نییە جگە لە پێکدادانی هێز و جەنگێکی بەردەوام لە نێوان هێزەکاندا. لێرەشدا ئێمە بەر کاریگەری و گرنگی پەیوەندی نێوان جەنگ و مەعریفە دەکەوین، چونکە خودی مەعریفەش بە ڕای فۆکۆ هیچ نییە جگە لە چەکێک لە چەکەکانی جەنگ. مێژوو خۆی مێژووی هەڵگیرسانی جەنگە، وەلێ لە ڕێی لاپەڕەکانی مێژووشەوە بەر ڕووداو و جەبەروتی جەنگ دەکەوین. بەو مانایەی ئەوە مێژووە کە مێژووی جەنگمان بۆ دەگێڕێتەوە و باسی دەکات. فۆکۆ جەخت لە سەر گرنگی مێژوو و مێژووگەرایی دەکات و دەڵێت: "لە بری ئەوەی خۆمان لە ڕاستی پەیوەندی نێوان جەنگ و مێژوو بدزینەوە و خۆمانی لێ غافڵ بکەین ئەوا پێویستە مێژووناس بین و بە قووڵایی مێژوودا بچینە خوارەوە تا لەو پەیوەندییە دانەبڕاوەی نێوان جەنگ و مێژوو، مێژوو و جەنگ بگەین."

فۆکۆ لە وانەکانیدا سەبارەت بەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوونووسێکی وەک (هنری دو بولەینڤەیلەرز) بۆ ئەوەی وەسفی ئەو مۆدێلە نوێیەی مێژوویی سیاسەت بکات. لێرەدا مێژوونووس وەک سوبێکتێکی نوێی قسەکەر،

ئەو کەسەی خودی مێژوو وەک مەیدانی جەنگ دەبینێت. لەم مۆدێلە نوێیەی مێژوودا مێژوونووس تەنانەت خودی حەقیقەتیش وەک چەک لە مەیدانی جەنگدا دەبینیت، چونکە ئەو کەسەی کە مێژوو دەنووسێتەوە بۆ خۆی کەسێک و چاودێریکەرێکی بێلایەن نییە، بەڵکوو کەسێکە سەرقاڵ و تێگلاوی ناو جەنگە، هەر بۆیە خودی حەقیقەت وەک چەکێکی ستراتیژی بەکار دەهێنێت تا بتوانێت لە ڕێگەی حەقیقەتەوە جارێکی تر هاوسەنگی هێز ڕابگرێت. نەک ئەوەش، بەڵکوو ئەم کەسە تەواوی نەزمی مەدەنی و کۆمەڵایەتی وەک دۆخێکی ئاشتی و ئاسایش نابینێت، بەڵکوو وەک دیوێکی تری نەزمی جەنگ تەماشای دەکات، بەو مانایەی جەنگ بەردەوامە و هەرگیز کۆتایی نەهاتووە. ئەمە گوتاری سەرەکی بولەینڤەیلەرز بوو وەک مێژوونووس و ڕاڤە کاری سەردەمی خۆی، مێژوونووسێک کە فۆکۆ بە یەکەمین ڕاڤە کاری سیاسی ناوی دەبات و شانازی پێوە دەکات وەک فیگەرێکی دیاری سەدەی هەژدە کە توانی مۆدێلێکی نوێ لە کایەی مێژووی سیاسییدا دابمەزرێنێت. ئەوە بولەینڤەیلەرز بوو کە توانی مێژوو وەک تەنیا گێڕانەوەی "ستایشی ڕۆما" سەروەری ڕەها بشکێنێت، لە بری ئەوە جەنگی کردە بابەتی سەرەکی و بنەمای تێگەیشتنی مێژوو. فۆکۆ لە وانەکانیدا گرنگییەکی تایبەت بە ڕۆڵ و کاریگەری بولەینڤەیلەرز دەدات چونکە پێی وایە ئەوە بولەینڤەیلەرز بوو کە توانی سوبێکتێکی نوێ لە مێژوودا بە ناوی "نەتەوە یان نەتەوەکان" بهێنێتە کایەوە، نەتەوە وەک چەمکێکی نوێی سوبێکت-ئۆبێکت لە مێژوودا. لە مۆدێلە نوێیەکەی بولەینڤەیلەرزدا، نەتەوە چیتر بریتی نییە لە کۆمەڵێک خەڵک کە دەبێت ملکەچی سەروەری پاشا یان سنووری خاک بن، بەڵکوو نەتەوە خۆی زادەی بەرژەوەندی هاوبەش و داب و نەریتی یاسایەکی دیاری کراون. لەم ڕوانگەیەوە خانە دانەکانی (گاڵ[4])نەتەوەیەکی تایبەت بوون کە خاوەنی مێژوویەکی جیاواز لە سەرکەوتن و مافی تایبەت بە خۆیان بوون، مێژوویەک پشتی بە ئیرادەی پاشا نەبەستبوو. کارە گرنگەکەی بولەینڤەیلەرز ئەوە بوو ڕاڤە و شیکاری دەسەڵاتی لە مۆدێلی یاسایی سەروەریی "پاشا" بگۆڕێت بۆ مۆدێلی باڵادەستی هێز و پەیوەندییەکانی هێز. فۆکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە بولەینڤەیلەرز هێز و دەسەڵات وەک شتێکی پەیوەندیدار لەگەڵ یەک بینیوە نەک وەک مافێک تەنها کەسێک بتوانێت خاوەندارێتی بکات، بولەینڤەیلەرز دەسەڵاتی وەک گەمەی نێوان هێزە دژ بە یەکەکان بینیوە، کە لایەنێک هەرگیز خاڵی سفر لە هێز نییە، وەک چۆن لایەکی تریش خاوەنی هێزی بێ کۆتا نییە. فۆکۆ بۆ قسەکردنی زیاتر لە سەر ئەم مۆدێلە نوێیەی گوتاری مێژوویی، دیسان دەگەڕێتەوە سەر تێزەکەی بولەینڤەیلەرز سەبارەت بە جەنگ، چونکە ئەو بۆ یەکەم جار جەنگ وەک شیکارییەکی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە ئەویش بە گشتاندنی جەنگ بە سێ شێوە کە ئەمانەن:

●جەنگ وەک یاسای مێژوو: بە ڕای بولەینڤەیلەرز ئەو یاسا نایەکسانییەی مێژوو بە ناوی "سەرکەوتن و هێز" هەمیشە بەهێزترە لە یاسا "ئەبستراکت ویەکسانی خوازییەکەی سروشت" هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مافی سروشتی هیچ نییە جگە لە مافی دۆڕاوەکان.

●جەنگ وەک دامەزراوەی سەربازی: لێرەدا بولەینڤەیلەرز جەنگی وەک ڕێکخستنی ناوخۆیی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای کێ خاوەنی زیاترین هێز و جبەخانەی چەکە، شیکار دەکات. نموونەش سەرکەوتنی فەرەنسییەکان یان فرانکییەکان زامن بوو چونکە جەنگاوەرەکان چەک و خاکیان زەوت کرد بۆ خۆیان، خەڵکی گاڵیان بێ چەک کرد.

---

[4] گاڵ بە لاتینی (Gallia) :ناوچەیەکی ڕۆژئاوای ئەورووپا بوو کە یەکەم جار بە ڕوونی لەلایەن ڕۆمانەکانەوە وەسف کرا، فەرەنسا، بەلجیکا، هۆڵەندا، لوکسەمبورگ و بەشێک لە سویسرا و ئەڵمانیا و باکووری ئیتاڵیا دەگرێتەوە.

●جەنگ وەک ئەژمارکردنی هێز: لە مۆدێلەکەی بولەینڤەیلەرزدا خودی مێژوو دەبێتەوە بە شیکارییەک بۆ ڕاڤەکردنی چۆنیەتی گۆڕانی دەسەڵاتی بەهێزەکان بۆ لاوازەکان، یان بە پێچەوانەوە چۆن لاوازەکان بەهێز دەبن. لێرەدا بولەینڤەیلەرز نمونەی خانەدانەکانی گاڵ دەهێنێتەوە کە چۆن دەسەڵات و هەژموونی خۆیان لە پێناوی پاشادا لەدەستدا چونکە شارەزا و عارف نەبوون بە زمانی لاتینی و بە فڕوفێڵە ئیدارییەکانی سەردەمی خۆیان.

لێرەوە گرنگی بولەینڤەیلەرز بۆ زمان دەردەکەوێت چونکە ئەو بە یەکەم کەس دادەنرێت کە توانی گێڕانەوەی مێژوویی و خودی حیساباتی وردی سیاسی بکاتە بەشێک لە هەمان مەیدانی ستراتیژی جەنگ. هەر بۆیە فۆکۆ دەڵێت دەتوانین بڵێین بولەینڤەیلەرزهەر بە تەنیا مێژووی تۆمارنەکردووە، بەڵکوو خودی مێژووی وەک چەکێکی ستراتیژی بەکارهێناوە بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکان و بە ئاگا هێنانەوەی خانە دانەکان و هاوسەنگبوونەوەی هێز. تەنانەت زاراوە بەناوبانگەکەی فۆکۆ سەبارەت بە مەعریفە وەک دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ بولەینڤەیلەرز، چونکە ئەو لە کاتی خۆیدا بۆ هاوسەنگکردنەوەی هێز بانگهێشتی خانەدانە فەرەنسیەکان دەکات و دەڵێت: "ئێوە هەرگیز هێز و دەسەڵاتی خۆتان بەدەست ناهێننەوە، ئەگەر ئەو مەعریفە و زانیارییانە بە دەست نەهێننەوە کە لێتان زەوت کراوە یاخود ئەو مەعریفەیەی کە هەرگیز هەوڵتان نەداوە بەدەستی بهێنن و هەر لە سەرەتاوە خاوەنی نەبوون."

بۆ جەختکردن لەسەر گرنگی و پێگەی بولەینڤەیلەرز لە مێژووی سیاسی ئەورووپادا بە گشتی و فەرەنسا بە تایبەتی، فۆکۆ ئاماژە بەوە دەکات خودی گوتە بەناوبانگەکەی کلاوزڤیتز کە دەڵێت "سیاسەت بەردەوامبوونی جەنگە بە شێوازی دیکە" ئەم گوتەیەی کە بووەتە مانشێتی سەرەکی زۆرێک لە سیاسەتمدارەکانی دونیا، لە ڕاستیدا دوای سەد ساڵ بەسەر کارەکانی بولەینڤەیلەرزدا گوتراوە. وەلێ فۆکۆ بە گەڕانەوە بۆ بولەینڤەیلەرز و مێژووی جەنگ ئەم دەستەواژەیەی کلاوزڤیتز هەڵدەگێڕێتەوە و دەڵێت: "جەنگ بەردەوامبوونی سیاسەتە بە شێوازی دیکە". بە ڕای فۆکۆ هیچ کات جەنگ کۆتایی نەهاتووە، تەنانەت لە سایەی هێمنی و دۆخی هەڵخەڵەتێنەی سیستەمی مەدەنیشدا، جەنگێکی بێدەنگ لورەی دێت، جەنگێک کەڵ کەڵەی ئەو دڵنیایی و ئاسایشە دەدات بە گوێماندا کە خوێن لە یاساکانماندا وشک بووە و سەردەمی جەنگ بەسەرچووە، گوایە ئیدی جەنگ بۆ ئەبەد کۆتایی هاتووە، لە کاتێکدا خودی ئەم گۆڕانانە یاخود ئەم ئارامی و ئاسایشە بۆ خۆی هیچ نییە جگە لە بەردەوامبوونی جەنگ بە شێوازی دیکە، تا ئەو کاتەی جەنگێکی تری ڕاستەقینە بەرپا دەبێتەوە.

بە ڕای فۆکۆ هێزە سیاسییەکان کۆتایی بە پەیوەندی ئەو دەسەڵاتانە ناهێنن کە دەرەنجامی جەنگە، بەڵکوو زۆر بە سادەیی جارێکی تر ئەم هێزانە لە فۆرمی دامەزراوە، نایەکسانی ئابووریی، خودی یاسا خۆیدا دەنووسنەوە. بینینی ئەم وردەکارییە بۆ مێژوونووسی ڕۆشنبیر و خاوەن فیکر تا ڕادەیەک ئارام بەخشە، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو یاسایەک بە ناوی "ئاشتی"خۆی زادەی دەسەڵاتی یاسادانانە، بە مانایەکی تر، خودی یاساکان مانۆڕێکی تەکتیکی یە لە هەڵمەتێکی بەردەوام بۆ جەنگ. هەر بۆیە سیستەمی یاسایی بۆ خۆی بێلان نییە بۆ دابینکردنی دادپەروەری، بەڵکوو ئەمیش شێوازێکە بۆ تۆمارکردن و پێدا هەڵدانی سەرکەوتنەکانی جەنگ.

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

## نەتەوە وەک چەمکێکی نوێی سوبێکت-ئۆبێکت لە مێژوودا

سەدەی حەڤدەهەم خاڵێکی وەرچەرخان و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە مێژووی دیسکۆرسی بیرکردنەوەی سیاسیی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت؛ ئەو ساتەی کە تێیدا شێوازی کۆنی مێژوونووسی ـ کە بە مێژووی «ژوپیتەریی[٥]» پاشاکان ناسراو بوو ـ دەستی بە لاوازبوون کرد و شوێنی خۆی دا بە شێوازێکی نوێی گێڕانەوەی مێژوویی، کە بنەمای لەسەر ناکۆکی، ململانێ و جیاوازیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراندبوو. مێژووی ژوپیتەریی، وەک شێوازێکی فکری و سیاسی، ئەرکی سەرەکیی خۆی لە پیرۆزکردنی دەسەڵات، سروشتیکردنی پەیوەندییەکانی فەرمانڕەوایی و دروستکردنی بەردەوامییەکی تا ڕادەیەک خەیاڵی لەنێوان ڕابردووی پیرۆز و دەسەڵاتی ئێستادا دەبینی. بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئەم شێوازە تووشی جۆرێک لە قەیران بوو؛ چونکە مێژوو چیتر تەنها گێڕانەوەی شکۆ و نەسەبی پاشاکان نەبوو، بەڵکو بوو بە مەیدانی کێبڕکێی یادەوەری، ناسنامە و بەرگریی سوبژێکتە نوێیەکان.

لە ناو ئەم گۆڕانەدا، «نەتەوە» نەک تەنها وەک کۆمەڵەیەکی مرۆیی یان یەکەیەکی سیاسی دەردەکەوێت، بەڵکو وەک سوبژێکتێکی مێژوویی سەربەخۆ سەرهەڵدەدات؛ سوبژێکتێک کە خۆی مێژوو دەنووسێتەوە، یادەوەریی خۆی بەرهەم دەهێنێت و لە هەمان کاتدا خۆی دەبێتە بابەتی ناسین، پۆلێنکردن و بەڕێوەبردنی دەسەڵات. بەم مانایە، سەرهەڵدانی نەتەوە تەنها گۆڕینێک لە ناوەڕۆکی مێژوو نەبوو، بەڵکو شکستی شێوازێکی کۆنی نووسینەوەی مێژوو بوو؛ شێوازێک کە بناغەکانی لە میراتی مێژوویی هندوئەورووپی و ڕۆمایی وەرگرتبوو.

بەپێی ئەم شێوازەی کۆن، مێژوو ئامرازێک بوو بۆ دروستکردنی زنجیرەیەکی بەردەوام لە نەسەب، ڕەچەڵەک و شەرعیەتی پیرۆز. هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپا بۆ زیاترلە هەزار ساڵ ڕەوایەتیی خۆیان لە ڕێگەی ئەفسانەی ترۆیا و گێڕانەوەکانی پەیوەندییان بە ڕۆمای کۆنەوە دامەزراند. بانگەشەی ئەوەی کە لە نەوەی کەسانێک وەک فرانکوس یان برۆتوسن، یان لە میراتگرانی ڕۆما بن، تەنها گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی نەبوو؛ بەڵکو میکانیزمێکی سیاسی بوو بۆ بەرهەمهێنانی بەردەوامیی مێژوویی و پیرۆزکردنی دەسەڵات و سەرەوریی ڕۆما بوو. لەم چوارچێوەیەدا، مێژوو نەک وەک تێگەیشتنێک لە ڕابردوو، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی ڕەوایەتی کاریدەکرد.

هەربۆیە پرسیاری کەسێکی وەک  پێترارک کە دەپرسێت ـ «ئایا لە مێژوودا شتێکی دیکەمان  جگە لە ستایشکردنی ڕۆما هەیە؟» ـ بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە سنوورەکانی ئەم دیسکۆرسە ئاشکرا دەکات. ئەو مێژووەی کە تەنها

٥ مێژووی شێوازی ڕۆمانی (ژوپیتەری) و مێژووی شێوازی ئینجیلی (دژە-مێژوو) دوو شێوازی جیاوازن بۆ گێڕانەوەی مێژوو. لە شێوازی ڕۆمانی، ئامانجی سەرەکی پشتگیری و بەهێزکردنی دەسەڵاتی پاشا و دەوڵەتە. ئەم جۆرە مێژوویە وەک ڕێوڕەسمێکی دەسەڵات کاردەکات و هەوڵدەدات ڕەچەڵەکییەکی بەردەوام و پڕشکۆ بۆ پاشا دروست بکات، بە جۆرێک کە دەسەڵاتی ئەو وەک شتێکی سروشتی و پیرۆز پیشان بدرێت. لەم تێڕوانینەدا، پاشا و خەڵک وەک یەک جەستەی سیاسی دەبینرێن و مێژوو بۆ ستایشکردنی شان و شکۆی دەوڵەت بەکاردێت؛ ئەوەی دەتوانرێت بە «ستایشی ڕۆما» ناوببرێت، کە مەبەستی دروستکردنی هەستی سەرسامی و جێگیری لە ناو کۆمەڵگادا هەیە. بە پێچەوانەوە، مێژووی شێوازی ئینجیلی یان دژە-مێژوو ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی فەرمی. ئامانجی ئەوەیە کە ئەو نادادپەروەری و خوێن و  کوشتارەی لە پشت سەرکەوتنە سیاسییەکاندا شاراوەنەتەوە، ئاشکرا بکات. ئەم جۆرە مێژوویە زۆرجار بە زمانی پێغەمبەرانە قسە دەکات و باس لە چەوساندنەوە، ڕاپێچ، شکستی گەلەکان و هیوای ڕزگاربوون دەکات. لێرەدا کۆمەڵگا بە دوو بەش دابەش دەبێت: زاڵبووان و چەوساوەکان، سەرکەوتووان و شکستخواردووان. هێمای سەرەکی ئەم شێوازە بریتییە لە بەڵێنی گەڕانەوەی دادپەروەری و بانگەوازی «شەڕێکی یەکلاکەرەوە» لە داهاتوودا، کە تێیدا مافی چەوساوەکان دەگەڕێتەوە.

بەرپرسیاری پاراستنی شکۆی ڕۆما و پاشایەتی بوو، نەک تەنها دەنگی لێدراو و بێدەنگکراوانی لەبەرچاو نەدەگرت، بەڵکو بە مەبەست  ئەوانی لە دەرەوەی ناوەندی دەسەڵات لە مێژوودا دەسڕییەوە.

لەگەڵ لاوازبوونی بیرۆکەی یەکگرتوویی جیهانی لەژێر سایەی ڕۆما، مێژوو هێواش هێواش دەستی لە گێڕانەوەیەکی یەکدەنگ و سەروەرییەکی پیرۆز هەڵگرت و بوو بە مەیدانی ناکۆکی. لەم خاڵەدا، شێوازێکی نوێی مێژوونووسی ـ کە لە گێڕانەوەکانی دینی و «ئینجیلی» نزیک بوو ـ جێگای شێوازی ڕۆمایی گرتەوە. ئەم دیسکۆرسە نوێیە مێژوو وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی ئارامی و هاوسەنگی نەدەبینی، بەڵکو وەک چەکێک بۆ ئاشکراکردنی ستەم، بیرخستنەوەی لەدەستدان و بانگەوازی بۆ بەرخۆدان بەکاردەهێنا.

بەم شێوەیە، نەتەوە لە ناو دیسکۆرسی ململانێدا لەدایک دەبێت، نەک لە ناو دیسکۆرسی یەکگرتن و سازانەوە. نەتەوە خۆی لە ڕێگەی یادەوەریی هاوبەشی، ئەزموونی ستەم، بەرگری و چیرۆکی مانەوەدا دروست دەکات. لە یەک لایەنەوە، نەتەوە دەبێتە بکەری مێژوو؛ واتە ئەو سوبژێکتەی کە دەنگی خۆی دەخاتە ناو گێڕانەوەی مێژوویی و مێژوو لە دەستی مێژوونووسانی پاشا و دەسەڵاتدارانی ڕەچەڵەکی وەردەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەمان نەتەوە دەبێتە بابەتی دەسەڵات؛ جەستەیەکی کۆمەڵایەتی کە دەبێت بناسرێت، پێوانە بکرێت، پۆلێنبکرێت و بە شێوەیەکی زانستی بەڕێوەببرێت.سەرهەڵدانی نەتەوە وەک سوبژێکتێکی مێژوویی دوو ڕووی هەمان پرۆسە پیشان دەدات: لە یەک ڕووەوە، نەتەوە دەنگی ئەوانە دەبێت کە لە مێژووی فەرمی دەرکراون؛ لە ڕووی دیکەوە، دەبێتە بابەتی شێوازێکی نوێی دەسەڵات کە لە ڕێگەی زانین، ئاساییکردنەوە و بەڕێوەبردنی ژیان کاردەکات. بەم مانایە، نەتەوە هەمان کات هەم بەرهەمی بەرخۆدانە و هەم بەرهەمی دەسەڵات؛ هەم شوێنی دروستبوونی حەقیقەتی نوێیە و هەم مەیدانی جێبەجێکردنی میکانیزمە نوێیەکانی کۆنترۆڵ.

لەو خاڵەدا بیرۆکەکانی میشێل فۆکۆ گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. فۆکۆ لە وانەکانی کۆلێژ دو فرانس لە ساڵی ١٩٧٦دا نیشان دەدات کە دەسەڵات چیتر تەنها لە ناو دامەزراوەی پاشایەتی یان یاسای سەروەری کۆنابێتەوە، بەڵکو دەبێتە تۆڕێک لە پەیوەندی و میکانیزمەکان کە لە هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کاردەکات. خێزان، قوتابخانە، سوپا و دامەزراوەکانی زانین دەبن بە مەیدانی بەرهەمهێنانی دەسەڵات؛ شوێنێک کە مرۆڤەکان تەنها کۆنترۆڵ ناکرێن، بەڵکو وەک سوبژێکت دروست دەکرێن.

ئەم پرۆسەیە پەیوەندییەکی قووڵی بەوە هەیە کە فۆکۆ ناوی «زانینە سەرکوتکراوەکان»ی لێ دەنێت ؛ واتە ئەو جۆرە زانیارییانەی کە لە ژێر گوتاری زانستی و فەرمی شاراوە ماونەتەوە، بەڵام لە یادەوەریی گرووپە پەراوێزخراوەکاندا هەڵگیراون. ئەم زانیارییانە دەنگی ئەوانەیە کە مێژووی فەرمی بێدەنگی کردوون: ستەملێکراوان، کۆلۆنیالکراوان، تاوانبارکراوان و هەموو ئەو سوبژێکتانەی کە لە ناوەندی دەسەڵات دوورخراونەتەوە.

لە ڕوانگەی جینۆلۆجییەوە، نەتەوە بەم شێوەیە یەکەیەکی سروشتی و هەمیشەیی نییە؛ بەڵکو بەرهەمی مێژوویەکی ئاڵۆز لە ململانێ، هێز و پەیوەندییە سیاسییەکانە. نەتەوە نە لە گرێبەستێکی یاسایی سادەوە دروست بووە و نەک تەنها جەستەیەکی یەکگرتووە لەژێر یاسایەکی هاوبەش؛ بەڵکو لە ناو شەڕی یادەوەری، ستەم، بەرگری و هەوڵی ناساندنی خۆیدا پێکهاتووە. بە مانایەکی دیکە، هەمان ئەو مێژووەی کە نەتەوە بۆ ئازادکردنی دەنگی خۆی بەکاریهێنا، دواتر بوو بە سەرچاوەی زانیاریی دەوڵەت بۆ چاودێری و بەڕێوەبردنی دانیشتوان.

ناسنامە، ژمارە، دابەشکردن، ئامار و زانینی کۆمەڵایەتی بوون بە ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ ناسین و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان.

## گەڕانەوە بۆ مێژوو

پرسیارە جەوهەرییەکە بۆ فۆکۆ ئایا ئەم شتە-ئۆبێکتە نوێیە"نەتەوە" لە مێژووی نوێیدا و سەرەتای سەدەی هەژدەدا چۆن دروست بوو؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیش سەرەتا فۆکۆ دەگەڕیتەوە بۆ مێژووی سەدەی حەڤدە لە ئینگلترا و دەڵێت :کێشەکە لەوێ لە نێوان دوو هەژمونی هێزی داد و مافدا بوو، هێز و هەژمونی نۆرمانەکان کە بریتیبوون لە ئەرستۆکراتەکان و مۆنارکییەکان کە هەژمون و دەسەڵاتی ڕەهایبوونی خۆیان لە سەر ستەم و داگیرکاری دروستکردبوو، لەملایشەوە هێزی ساکسۆنەکان کە ئەمانە بە سروشتی خۆیان وا ڕێکەوتووە لە دانیشتوانە یەکەمینەکانی وڵاتەکەبن. واتە کێشمەکێش و گرژییەکان لە نێوان دوو هێز و دوو دەسەڵاتی ناو هەمان وڵاتدا بووە .لە سەروبەندی ئەم مێژووە خوێناوییەدا ئێمە بەر نووسەرێکی وەک هۆبز دەکەوین کە باس لە جەنگ و ئاکامەکانی جەنگ لە ناو وڵاتەکەی خۆیدا دەکات .ئەگەرچی زۆرکەس هۆبز وەک فەیلەسوفی جەنگ دەبینن، وەلێ لە ڕوانگەی مێژوو نووسە جەنگاوەرەکاندا ئەو بە باوکسالارێکی ساختە دادەنرێت .بە ڕای فۆکۆ کاتێک هۆبز باس لە" جەنگی هەموو پیاوێک لە دژی هەموو پیاوێک "دەکات، ئەوا خودی ئەم تێزەی وەک شانۆ و نمایشێک بەکارهێناوە بۆ پاراستنی سەروەری دەسەڵاتدارەکان لە قوڕ و لیتاوی داگیرکاری ڕاستەقینە .چونکە هۆبز باس لە جەنگ دەکات وەک دۆخێکی سروشتی مرۆڤەکان نەک وەک واقعێکی مێژوویی لە کوشتن و بڕین لە ڕێی داگیرکارییەوە، هەر بۆیە دۆخە سروشتییەکەی هۆبز بۆ جەنگ شانۆی نمایشەکانە، جۆرێکە لە دبلۆماسیەتی سەرەتایی کە تیایدا خوێن بە ڕاستی نەڕژاوە .

دواتر دوای سەدەیەک هەمان کێشە لە فەڕەنسادا بەڵام بە شیوەیەکی ئاڵۆزتر و سەختر دەستپێدەکات . خانەدان و نۆبڵە فەڕەنیسیەکان دووچاری هەمان کێشە دەبن، بەڵام ئەمان لە دوولاوە دەکەونە کێشمەکێشەوە .واتە لە دوو سنورەوە لە لایەک لەگەڵ هێز و دەسەڵاتی ڕەهای مۆنارکی، لێرەدا خانەدانەکان پێداگرییان لە مافەکانی خۆیان دەکردەوە و سووربوون لەسەر ئەوەی هەمان ئازادییان دەویست کە لەو کاتەدا فرانکیشی و ئەڵمانیەکان هەیانبوو، ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان فەڕەنسایان داگیر کرد، لەملایشەوە لە کێشمەکێشیاندا لەگەڵ دەسەڵاتی مۆنارکی خانەدانەکاندا بانگەشەی ئازادیان دەکرد، لە لایەکی تر لەگەڵ(چینی سێهەم)[6]دا، خانەدانەکان بانگەشەی مافی ڕەها و بێسنوریان بۆ خۆیان دەکرد، ئەمەیش هەر لە ڕێی داگیرکردنەوە دەستیان کەوتبوو .یاخود بە مانایەکی تر، لە کێشمەکێشیاندا لەگەڵ چینی سێهەم

---

[6] لە چوارچێوەی وانەکانیدا میشێل فۆکۆ ئاماژە بە چەمکی "چینی سێیەم" (Third Estate) دەکات، نەک بەتەنها وەک چینێکی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای پێش شۆڕشی فەڕەنسادا؛ بەڵکو وەک نیشانەی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە شێوازی تێگەیشتن لە چەمکی «نەتەوە». ئەم گۆڕانە بە تایبەتی لەلایەن ئابێ سیێس (Abbé Sieyès) لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنساوە ئاماژەی پێکرا؛ کاتێک چەمکی نەتەوە لە بنەمای ناسنامەی یاسایی و نەسەبییەوە گوازرایەوە بۆ بنەمای کار، بەرهەمهێنان و توانای دروستکردنی ژیانێکی سیاسی.

دەیانویست خۆیان براوەی موتڵەق بن و مافی ڕەهای خۆیان وەربگرن، وەلێ لەگەڵ دەسەڵاتی مۆنارکی دەیانویست لە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەواندا مافی خۆیان وەربگرن .کەواتە خانەدانەکان لە بەرامبەر ڕەهایی مۆنارکیدا بانگەشەی ئازادییان دەکرد، وەلێ لەملایشەوە لە بەرامبەر چینی سێهەمدا، ئەمانیش بریتیبوون لە (جێرمانەکان) ئەڵمانیەکان، ئەوانەی کە لە قۆناغیکی مێژوویدا فەرەنسایان داگیر کردبوو، بانگەشەی دانوستانیان دەکرد.

لە ناو ئەم مێژووەدا فۆکۆ بەر ڕاڤەکارێکی وەک بولەینڤەیلەرز دەکەوێت، دەڵێت دەتوانین وەک خاڵی یەکەم و سەرەتایی شیکارەکانمان بۆ تێگەیشتن لە نەتەوە وەک سوبێکتی نوێی مێژوو بەکاربێنین، چونکە بە ڕای فۆکۆ شیکارییەکانی بولەینڤەیلەرز دەتوانێت وردەکاری و ئاڵۆزی پەیوەندی هێزمان لەو سەردەمەدا بۆ ڕوونبکاتەوە.

لێرەدا گرنگە بچینەوە سەر ئەو قۆناغە جیاجیانەی  بولەینڤەیلەرز ئاماژەی پێدەکات لە شیکارییەکەی سەبارەت بە داگیرکاری ڕۆما بە تایبەت کاتێک بۆ یەکەمجار دێنە ناو گاڵەوە.

دیارە سەرەتا یەکەم کاری ڕۆمانیەکان دەستبەجێ ئەوە بووە جەنگاوەرە ئەرستۆکراتەکان چەک بکەن، ئەو جەنگاوەرانەی تاکە هێزێکی سەربازی بوون بۆ ئەگەری دروستبوونی هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن .ئەم چەککردنەیش هەر بەتەنها لێسەندنەوەی چەکەکانیان نەبوو بەڵکو،  لە ڕێی ئیهانەکردن و ڕەزیلکردنی جەنگاوەرەکان بوو لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە .ئەم کارەشیان بە دروشمی یەکسانخوازی لە نێوان خەڵکی ئاسایی و جەنگاوەرەکاندا کردووە .بە ڕای بولینڤەیلەرز بەکارهێنانی دروشمی یەکسانی تاکتیکێکی لێزانانە بوو بۆ فریودان و هەڵخڵەتاندنی خەڵکی ئاسایی .ئەم تاکتیکەی ڕۆما شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکو جەوهەری فریودان بە ناوی یەکسانییەوە بە ڕای ئەوان لەوەوە هاتبوو، گەر قەناعەت بە کەمینەی خەڵک بکەیت بەوەی خاوەنی بڕێک لە ئازادین و مافی یەکسانیان هەیە کاریگەری زۆر لەوە زیاترە کە ئازادی بدەیت بە هەمووان .خودی ئەم )یەکسانیبوونە(یش خۆی بووە هۆی دروستبوونی حکومەتێکی چەوسێنەر، واتە خودی فەراهەمکردنی یەکسانی بۆ خەڵکی ئاسایی لە بەرامبەر کەمایەتی و سووکایەتی پێکردنی خانەدانەکان و جەنگاوەرە ئەرستۆکراسەکانی گاڵ بوو .ئەمە قۆناغی یەکەمی داگیرکردنەکە بوو کە بە کۆمەڵکوژی سیستماتیکی کالیگۆلایی بۆ خانەدان و نۆبڵەکانی گاڵ دەستیپێکرد .بەمەیش دەسەڵاتی ئەو خانەدانانەی  لە سەرەتاوە بەرەنگاری سیاسەتی ستەمکاری ڕۆمانیەکان بوونەوە، کۆتایی هات .هەر لەم قۆناغەدا ڕۆمانیەکان کەوتنە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە خانەدان کە لەگەڵ سیاسەت و پێویستی خۆیاندا دەهاتەوە و پشتگیری مەرامە سیاسیەکانی ئەوانیان دەکرد.

ئەمانە وەک ئەوانەی پێشوو خانەدانی سەربازی و هێزی چەک نەبوون تا بتوانن بەرەنگاریان ببنەوە و دژایەتیان بکەن بەڵکو، ئەمانە بە شێوەیەک ڕێکخرابوون کە لە خزمەتی بەرژەوەندی ڕۆما بن، سەروەت و سامانی گاڵ، تەنانەت سیستمی باجیشیان  لە قازانجی خۆیان بۆ خۆیان بەکاربێنن .ئەم جۆرە نوێیە لە خانەدان کە مەدەنی، یاسایی، ئیداری بوون، بە شێوەیەک  دامەزرابوون مافەکانی ڕۆما بزانن و بەرگری لێبکەن .خودی ئەم زانین و تێگەیشتنە لە ماف و سەروەرییەکانی ڕۆما بە هۆی مەعریفەی تەواویان بە زمانی ڕۆمانی بوو .بە مانایەکی دی، خودی زمان و مەعریفە بە ماف و زمانی ڕۆما ڕێی بە دروستبوونی ئەم جۆرە لە خانەدانی نوێ دا تا بتوانن ماف و بوونی ڕۆما بپارێزێن.

گەڕانەوە بۆ ئەم دیدە مێژووییە ئەو ئەفسانەیەی سەدەی حەڤدەمان  بۆ پووچەڵدەکاتەوە کە گوایە خەڵکی ئەرکادی و گاڵی -ڕۆمانی بەختەوەر و دڵخۆش بوون .بەشێکیش لەم نکولیکردن و پووچەڵکردنەوەی ئەو ئەفسانەیە لەوەدا خۆی نمایش دەکرد کە بە پاشای ئەو کاتەی فەڕەنسا بڵێین گەر تۆ مافی دەسەڵاتی ڕەهای ڕۆما بەرجەستە و نمایشدەکەیت ئەوا ئەم مافە هەموو خەڵکی گاڵ ناگرێتەوە بەڵکو تایبەتە بە بەشێکی دیاریکراو، خودی ئەم ڕەهاییەش زادە و دەرئەنجامی داگیرکاری و ستەمکارییە نەک یەکسانی و ئازادی .دواجار بە یارمەتی هێز و سوپای ئەڵمانیەکان توانرا ئەم دەسەڵاتە ڕامباڵرێت، واتە ئەوەی وایکرد هێز و هەژمونی چەک و سوپای دەرەوە بوو نەک دارژان و وێرانەیی ناوەوە.

دوای ئەمەیش بولەینڤەیلەرز دێتە سەر قۆناغی دووەمی شیکارییەکەی سەبارەت بە کاریگەری داگیرکردن و ستەمکاری ڕۆما لە سەر خەڵکی گاڵ .ئەو کاتەی ئەڵمانیەکان یان فرانکیەکان هاتنە ناو گاڵەوە کەوتن بە سەر وولاتێکی داگیرکراودا، لەو کاتەدا بە درێژایی ڕووباری )ڕەین)، کەسیان نەبوو پارێزگاریان لێبکات، لەو ماوەیەدا چیتر خانەدان نەمابوو تا بتوانن پشتیان پێببەستن، هەر بۆیە بۆ پارێزگارکردنی خاکی گاڵ کە خۆیان داگیریان کردبوو، ناچاربوون ڕووبکەنە بازرگانەکان، چونکە ئەمان شەڕیان نەدەکرد، یان بۆیان گرنگ نەبوو خاکی خۆیان بپارێزن، ئەوەی گرنگ بوو بۆ ئەمانە تەنها پارەوپوول بوو .هەربۆیە بوونی سوپایەکی بازرگانی، سوپایەکی بە کرێگیراو  بێ چەک گرنگ بوو بۆ درێژەپێدانی داگیرکاری خەڵکی گاڵ وەلێ، بۆ دەسەڵاتی ڕۆما هەر ئەوە نەبوو ئەم سوپایە دابین بکات بەڵکو چۆنیش مووچەیان دابین بکات و بەخێویان بکات .ئەمەیش بە ڕای بولەینڤەیلەرز دوو کاریگەری هەبوو:

یەکەم :دابینکردنی بڕێکی زۆر لە پارەی باج کە بە کاش دەدار.

دووەم :پارەیەکی زۆر هاتە ناو بازاڕەوە کە وایکرد خودی پارە قیمەت و نرخی نەمێنێت .دابەزینی نرخی پارەیش بووە هۆی کەمبوونەوەی ئیش و کار .هەر ئەم هۆکارەیش وایکرد دۆخی گاڵ هەستیار بێت لە بەردەم داگیرکردنی فرانکییەکان .چونکە داگیرکردنەکە پەیوەست بوو بە دارمانی وولاتەکەوە لە لایەک وە بە دروستبوونی سوپای بە کرێگیراوە لە لایەکی تر کە خاکی گاڵیان بۆ گرنگ نەبوو هێندەی قازانجی شەخسی خۆیان.

## جەنگاوەرە فەڕەنسیەکان کێ بوون؟

 لێرەیشدا پرسیاری جەوهەی بۆ فۆکۆ ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی ڕەهای ڕۆمانی توانیان لە داگیرکردنی گاڵیەکان (فرانکیەکان یان ئەڵمانیەکان) دەربازبن، یان ئەگەر پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە و بڵێین ئایا فرانکیەکان توانیان هێز و هەژمووونی سەروەری ڕۆمانیەکان لە گاڵ بشکێنن؟

وەڵامی ئەم پرسیارەیش هەر بەتەنها لەوەدا کورت نابێتەوە بزانین ئەمیان سەرکەوتووە بەسەر ئەویتردا ، یان سیستمێکی ماف و داد جێی سیستمیکی تر گرتۆتەوە بەڵکو، ئەوەی لە شیکارییەکەی بولینڤەیلەرز دا گرنگە و دواتریش لە ڕاڤە و تەفسیری ئەوانی تردا ڕەنگی داوەتەوە هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنە بوو .بە ڕای فۆکۆ ئەم شیکارییە بووە بە گرنگترین کڵێشە بۆ نوسینەکانی سەدەی هەژدە، هەم لە ڕووی مێژوویی وە هەم لە ڕووی ئەدەبیەوە، هاتنە کایەی بوارێکی نوێ لە نوسین و گێڕانەوە کە بە کایەی ئەدەبیاتی سیاسی-ئابووری دەناسرێتەوە.

هاتنە کایەی مۆدێلێکی نوێ کە کێشەی ئەوە نەبوو ماف ڕەتدبکاتەوە، یان سیستمی ماف بگۆڕێت، یاخود خودی سیستمی داد و مافی ڕەها بگۆڕێت بۆ سیستمی ئەڵمانی-فڕانکی .هەموو ئەم تەفسیرانە بە ووردی لە بەشی یەکەمی شیکارییەکانی باولەینڤەیلەرز دا دەبینیەوە .بەڵکو لێرەدا ئێمە بەر کێشەگەلێکی تر دەکەوین کە پەیوەندی بە فەرەنسا و فەرەنسیەکانەوە هەیە .هەر بۆیە فۆکۆ دەڵیت :لە جێ خۆیدا پرسیار بکەین ئەو فەرەنسیانە کامانە و کێبوون، توانییان لەگەڵ کەمی ژمارەیانەدا گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە شکست پێبهێنن و بیانخەن؟

سەرەتایش بۆ ئەوەی لە هێز و توانای ئەو فەرەنسیانە تێبگەین ئەوا بەوە دەست پێدەکەین و دەڵێن ئەوان خەڵکانێک بوون خاوەنی جەنگاوەر بوون .جەنگاوەر ئەو شتەی کە ڕۆمانیەکان بە خەیاڵی خۆیان دەیانتوانی بەردەوام بن لەسەر دەسەڵات و داگیرکاری لە سەر خاکی گاڵ بە بێ بوون و گرنگیدان بە بەها و پێویستی جەنگاوەر .لێرەشدا مەبەست لە جەنگاوەری ئەرستۆکراسیە فەرەنسیەکان بوو، نەک شەڕکەرێکی ئاسایی .بۆ ئەوەی بتوانین لەم کۆنتێکستە مێژووییەدا لە چەمکی جەنگاوەر تێبگەین ئەوا پێویستە بچینەوە سەر بونیادی کۆمەڵگەی فەرەنسی کۆن .فۆکۆ بە شێوەیە وەسفی کۆمەڵگەی فڕانکشی دەکات.

کۆی گشتی کۆمەڵگەی فڕانکشی-فەرەنسی کۆن -لە دەوری جەنگاوەرەکانی دامەزرابوو، ئەمانیش خەڵکانێک لە دەوریان کۆبوونەوە کەهەر فڕانکیشی بوون وەلێ، خۆیان بە خزمەتکاری جەنگاوەرەکان دەبینی و لە خزمەتیاندا بوون، ئامادەی گیان فیدان بوون، هەر وەک چۆن خەڵکی ئەڵمانی بە *Leute*) یان *leudes*) پێکهاتبوون، کە بە مانای پیاوانی چەکدار دێت ئەوا ئەمانیش چەکدار و دەست بەچەک بوون .لێهاتوویی ئەم جەنگاوارانە یاخود ئەو پیاوە چەکدارانە، یان با بڵێین ئەرستۆکراتە جەنگاوەرەکان ئەوەبوو کە ژیرانە توانیان پاشایەک بۆ خۆیان هەڵبژێرن .پاشایەک تەنها وەزیفەکەی هەڵسوڕانی کاروباری یاسایی بوو لە کاتی ئاسایش و ئاشتیدا، ئەم پاشایە بە تەنها سەرەورێکی ئاشتی بوو .هەر ئەوەیش نا بەڵکو، ئەم پاشایە لە ڕێێ گروپێکی جەنگاوەری (*Leute*) یان گروپی ئەو پیاوە چەکدارانەوە هەڵبژێرابوو، چونکە ئەوان پێیانوابووە ئەوە تەنها لە کاتی شەڕدایە کە ئەوان پێویستیان بە یەک دەسەڵات و یەک هێزی ڕیکخراو هەیە، بۆ ئەمەیش سەرکردەی جەنگیان هەبوو، ئەم سەرکردەیەش ملکەچی هەموو پرەنسیپەکانی جەنگ بوو، وەلێ لە هەمان کاتدا هەر خۆی لە ساتە قورسەکانی جەنگدا دەسەڵاتی سەرەکی و موتلەقی بڕیاردانی هەبوو .

لەو کاتەدا ئەم سەرکردەیەی ڕۆڵی ژەنەراڵی هەبوو پێویستی بەوە نەبووە پاشای کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، لێ هەر کات پیوێستی کردبێت، توانیویەتی ڕۆڵی پاشایش ببینێت .نمونەیش بۆ ئەمە جەنگاوەرێکی وەک کلۆڤیس (Clovis)بوو، کاتێک ئەم جەنگاوەرە هەڵبژێرا ڕۆڵی جەنەراڵ ببینێت ئەوا هەردوو ڕۆڵی یاسایی و مەدەنی بینیوە هاوکات ڕۆڵی بریکاری پاشایش بووە .فۆکۆ پێوایە هەرچۆنێک لەم کۆمەڵگەیە ووردبینەوە ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆڵی هێز کەم و مینیماڵ بووە .لانی کەم لە کاتی ئاشتیدا بەو شیوەیە بووە، هەر کاتێکیش هێز و دەسەڵات مینیماڵە و ئەوا ئازادی بەرفراوانە و لە لوتکەدایە .جۆرێک لە ئازادی کە وا لە فۆکۆ دەکات بپرسێت داخۆ ئەو ئازادییەی ئەم جەنگاوەرە ئەرستۆکراتانە هەیانبوو، چێژیان لێوەردەگرت، کام جۆرە لە ئازادی بووە؟

وەڵامەکەیش ئەوەیە ئەو ئازادییە بە مانای سەربەخۆیی نەبووە، وەکچۆنیش ئەو جۆرە لە ئازادی نەبووە کە لە سەر بنەمای ڕێز لە سنورەکانی بوون و مافی ئەوانیتر دروستبووبێت .زۆر بە سادەیی ئەو ئازادییەی ئەو

جەنگاوەرە ئەرستۆکراتانە پێوەی دەنازین و چێژیان لێوەدەگرت لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای ئازادی ئیگۆیزمی جەنگاوەرەکان، چاوچنۆکیان بۆ شتومەک، خولیا و کەڵکەڵەی شەڕ، داگیرکردن و تاڵانکردنی ئەویتر دروست بوو .ئازادی بۆ ئەم جەنگاوەرانە بە مانای خودی ئازادی و جەوهەری تۆڵەرانس و یەکسانی بۆ هەمووان نەبووە بەڵکو، ئەو جۆرە بووە لە ئازادی کە لە ڕێی چەوسانەوەی ئەویتر بەدەست هاتبوو .ووردتر بڵێێن، ئەم ئازادییە لەسەر بنەمای ڕێز نەبووە بەڵکو لەسەر بنەمای کەمکردنەوە و کەمایەتی پێکردنی ئەوانیتر دروستبوو.

لێرەدا ئەوەی سەرنجە کاتێک بولەینقەیلەرز دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوڕیشەی ووشەی فرانک (*Franc*) لە رووی ئیتیمۆلۆژییەوە ئەوا دەڵێت بە دڵنیاییەوە ئەم ووشەیە بە مانای ئازادی (*Free*) نایەت، بەو جۆرەی کە ئێمە لە ئێستادا لە مانای ووشەکە گەیشتووین بەڵکو، لە بنەڕەتدا ووشەکە بە مانای (*Ferocious*) کە ڕەگی ووشەکە لە زمانی گریکیدا بریتیە لە*ferox*) )، لەم ڕوانگەیەوە بێت خودی ووشەی (*Franc*) وەک ووشە لاتینیەکە (*ferox*) بە هەمان مانا دێت، بە ڕای کەسێکی وەک فرێرێت (Freret) ئەم ووشەیە مانای خوازراو وە نەخوازراویش لە خۆیدەگرێت، چونکە گەر بە ووردی لە مانا و دالەکانی ئەم ووشەیە بکۆڵینەوە ئەوا بەر ئەم وەسفانە دەکەوین کە ئەمانەن) :شکۆدار، نەترس، خۆبەزلزان و لوتبەرز، دڵڕەق .(هەر لێرەیشەوە ئێمە بەر وێناو و پۆرترێتی وورد بۆ) بەربەریەکان (دەکەوین، ئەم وێنایەش تا سەدەی نۆزدە درێژ دەبێتەوە لە کارەکانی، بۆ نموونە لای نیتچە تەواو زەق دەبێتەوە، فۆکۆ ئاماژە بە نیچە دەکات چونکە ئەو ئازادی لە دۆخە ڕاستەقینەکەی خۆیدا دەبینێت، نیچە دەزانێت ڕەگوڕیشەی ئازادی لە کوێوە هاتووە، هەر بۆیە ئازادی بۆ نیچە یەکسانە بە کەمایەتی، ئازادی بریتیە لە خولیا بۆ دەسەڵات، خولیایەک کە چاوچنۆکی سنورەکانی دیاریدەکات، خودی ئازادی واتە نەکردەیی و بێتوانایی بۆ خزمەتکردنی ئەوانیتر، ئازادی واتە ئارەزوویەکی بەردەوام بۆ داگیرکردنی ئەوانیتر، هەربۆیە سەیر نیە کاتێک نیچە دەڵێت ئازادی بریتیە لە) :ڕەفتار و هەڵسوکەتی پۆلیشنەکراو، ڕقێکە بۆ ناوە ڕۆمانیەکان، زمانی ڕۆمانی، خوو و ڕەفتاری ڕۆمانی، عاشقە ئازا و بوێرەکانی ئازادی، قەزەمە ڕەنگاو ڕەنگەکان، بێ باوەڕەکانن، ئەوانەی بە تەنها خولیای وەرگرتنیان هەیە، بێ حەوسەڵە و نەسرەوتەکان بۆ گەیشتن بە زیاتر و زیاتر...هتد)[7].

ئەمە برێکە لەو وەسفانەی کە بولەینقەیلەرز و هاوەڵانی دوای خۆی هەوڵیانداوە وەسفی ئەو قژزەردە بەربەریانەی پێ بکەن، کە ئێمە سوپاسیان دەکەین بۆ تێکست و نوسینەکانیان، چونکە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن هاتوونەتە نێو مێژووی ئەورووپاوە .

ئەو وەسفە پۆرترێتیەی قژزەردە ئەڵمانیەکان ئەگەری ڕوونکردنەوەی ئەوەمان بۆ فەراهەم دەکات کە چۆن بۆ یەکەم جار ئەم جەنگاوەرە فرانکیشیانە هاتن بۆ گاڵ نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ یاسا و رێسای ڕۆمانی ئەو کاتە بگونجێنین نەک ئەوەیش بەڵکو، بە تەواوی مافی ئیمراتۆریەتی ڕۆمانیان بۆ خۆیان ڕەتکردۆتەوە، ڕازی نەبوون دوای فەرمان و یاسا و ڕێساکان بکەون .ئەم جەنگاوەرانە زۆر ئازادبوون !لێرەدا فۆکۆ دەڵێت کاتێک دەڵێم زۆر

---

[7] ئەوەی کە لەم قسانەی نیچە سەرنجی من ڕادەکێشێت ووردی و دیقەتی نیە لە سەر چەمکی ئازادی بە تەنها، بەڵکو گووتە بە ناوبانگەکەی بیرکەوتەوە کاتێک لە وەڵامی فرۆیدا بۆ ئەوەی کە ژن چی دەوێت؟ ئەوا نیچە دەڵێت ژن جەنگاوەرێکی دەوێت... ئەگەرچی ئەم نوسینە جێگەی ئەم باسە نیە، وەلێ پرسیارە گەر نیچە مەبەستی ئەم جۆرە لە جەنگاوەری ئەرستۆکراتی و ئەو جۆرە لە ئازادی بێت بۆ ژن؟

ئازادبوون ئەوا مەبەستم لەوەیە کە ئەمانە زۆر لوتبەرز، ئارۆگانت بوون باکیان بە کەس نەبووە، نەک ئەوەیش بەڵکو نەیانهێشتووە ژەنەراڵەکەیان ببێتە سەروەریان بە مانا رۆمانیەکەی.

خودی ئەو ئازادیی و بەربەرەڵاییەی ئەم جەنگاوەرانەی پێ ناسراوەتەوە وایلێکردوون کە ئەو خەیاڵە بدەن بە رۆمانیەکان کە ئەمانە دوورن لەوەی بیر لە رزگارکردنی خاکەکەیان بکەنەوە و بیانەوێت بۆ مەبەستی شەخسی خۆیان زاڵبن بە سەریدا .هەر بۆیە سەرکەوتنی فرانکیشیەکان واینەکرد کە سەرکردە و ژەنەراڵەکەیان ببێتە سەرەوەری گاڵ، وەلێ لەملایشەوە هەر یەک لە ژەنەراڵەکان سوود و قانجی خۆیان لەو سەرکەوتنە وەردەگرت . هەر جەنگاوەرێک بۆ خۆی بانگەشەی پارچە زەویەکی بۆ خۆی لە وولاتی گاڵدا کرد .ئەمەیش سەرەتای دروستبوونی دەرەبەگایەتی بوو .واتە جەنگاوەرەکانی دوێنێ کە شەڕی مان و نەمانیان دەکرد بوون بە دەرەبەگەکانی ئەمرۆی گاڵ و خاوەن زەوی و زار.

فۆکۆ بە پاڵپشتی تێزە و شیکاری بولەینڤەیلەرز ئەوەمان بۆ روونوەکاتەوە کە چۆن هەر جەنگاوەرێک پارچەیەک زەوی بۆ خۆی وەرگرتووە، واتە بە کورتی دۆخەکە بەو شێوەیە نەبووە کە پاشا مافی موتلەقی بەسەر هەموو گاڵدا هەبێت، هەر بۆیە ئەم پاشایە هەمان شێواز و هەژمونی پیادەکردنی مافی وەک سەروەرێکی رۆمانی نەبووە .بەو مانایەی کە جەنگاوەرەکان هەر یەکە بۆ خۆی سەربەخۆ، خاوەنی زەوی خۆی بووە، ئەوا پێویستیان بە قبوڵکردنی پاشایەک نەبوو کە فەرمانڕەواییان بکات، واتە هەر یەکە بۆ خۆی پاشایەک بووە . فۆکۆ جەخت لە سەر گێرانەوەی ئەم مێژووە دەکات و بە مێژووگرافی ناویدەبات و دەڵێت لە ناو ئەم مێژووەدا بەر چێرۆکێکی وەک) گوڵدانەکەی سۆیسۆنس (دەکەوین.

فۆکۆ باس لە چیرۆکی گوڵدانی سۆیسۆنس دەکات، کە حیکایەتێکی مێژوویی بەناوبانگە بۆ وێناکردنی کێشەیەکی بنەڕەتی لە یاسای دەستووری و گواستنەوەی مۆدێلەکانی دەسەڵاتدا بەکاری دەهێنێت .فۆکۆ چیرۆکەکە بەکاردەهێنێت بۆ تیشک خستنە سەر گۆڕانکاری لە مۆدێلی دەسەڵاتی" جەنگاوەری "ئەڵمانییەوە بۆ لەدایکبوونی پاشایەتی رەها .کورتەی بەسەرهاتەکە بەرجەستەی تەواوی ئەو ماوە مێژووییە و گۆڕینی سیستمی ماف دەکات، یان ووردتر بڵێین لە ناو ئەم چیرۆکەدا بەر لە ناوبردن و دارمانی سیستیمی مافی رۆمانی دەوکەوین . ئەم چیرۆکەیش لە لایەن بولەینڤەیلەرز و ئەوانەی پێش ئەو، دوای ئەویش گێڕدراوەتەوە کە هەر هەمووشیان لە )گریگۆری تۆرسەوە)، وەریانگرتووە .لە بەر گرنگی چیرۆکەکە لە گێرانەوەی ئەو مێژووەی ئەوروپادا کە تا ئیشتایش لە وانەکانی مێژوودا دەخوێنرێت، ئەوا منیش لێرەدا بە کورتی باسی دەکەمەوە .چیرۆکەکە بە دوو قۆناغ دەگێڕدرێتەوە.

## قۆناغی یەکەمی گوڵدانەکەی سۆیسۆنس :قۆناغی مافی غەنیمە یان تاڵانی جەنگ

چیرۆکی گوڵدانەکەی سۆیسۆنس لەو کاتەدا دەستپێدەکات کە) کلۆڤیس (وەک بەرێوبەرێکی مەدەنی لە یەکێک لە شەڕەکاندا، دوای بردنەوەی شەڕەکە و لە کاتی دابەشکردنی تاڵانیەکاندا، دەنگ بەرزدەکاتەوە دەڵێت :من ئەو گوڵدانەم دەوێت، ئەو گوڵدانە بۆ منە!

هەر لەو کاتەدا یەکێک لە جەنگاوەرەکان لێ دێتە دەنگ و دەڵێت:

(راوەستە دەست بۆ ئەو گوڵدانە نەبەیت !دەکرێت تۆ پاشا بیت بەڵام کاتێک دێتە سەر دابەشکردنی تاڵانی ئەوا هەر وەک یەکێک لە ئێمە تاڵانیەکەت بەردەکەوێت، ئەوەی کە تۆ پاشا ئێمەیت هیچ مافێکی زیاتر و

پێشوەخت، یان مافی ڕەهات ناداتێ، بەڵکو هەموو جەنگاوەرەکان مافی وەک یەک مافی تاڵانی و غەنیمەی شەڕیان هەیە و دەبێت وەک یەک و بە یەکسانی بەشبکرێت، پاشایەتی مافی دەسکەوتی ئەبەدی نییە).

گێڕانەوەی بولەینڤەیلەرز بۆ ئەم چیرۆکە بۆ ئەوەیە لە لایەک ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە کە ئەم کۆمەڵگە ئەڵمانییە بە تەواوی سیستمی هێز و دەسەڵاتی ڕۆمانی هەر لە سەرەتاوە ڕەتکردۆتەوە و قبوڵی نەبووە پیادەی هەمان نەزمی یاسا و ڕێسا بکات .لە لایەکی تریشەوە ڕاڤەی ئەوەیشمان بۆ بکات کە چۆن گروپێکی بچووکی هەژار توانیویانە بەسەر وولاتێکی دەوڵەمەند و بەپیتی وەک گاڵ زاڵ بن.

لێرەدا پرسیارەکە بۆ بولەینڤەیلەرز ئەوەیە، چۆن ئەم بێدەسەڵاتانە توانیان ببنە خاوەنی دەسەڵات و هێزێکی گەورەی وەها کە ڕۆمانیەکان پەک بخەن؟

بە ڕای بولەینڤەیلەرز هۆکاری ئەوەی چۆن فڕانکیەکان توانیان بەرگە بگرن لەو وولاتەی کە داگیریان کرد ئەوە بوو کە یەکەم شت بە تەنها پرچەککردنی گاڵ نەبوو، بەڵکو دەستگرتن بەسەر چەکەکانی ئەوان بوو .ئەمەیش وایکرد کە چینە سەربازییەکەی خۆیان تەواو جیابکەنەوە، ئەو چینە سەربازییەیش ئەڵمانی بوون .گاوڵیەکان چیتر خاوەنی هیچ چەکێک نەبوون، بەڵام لەملایشەوە هێشتا هەر خاوەنی زەوی و زاری خۆیان بوون .کەواتە ئەوەی شەڕی کرد فڕانکیەکان بوو ئەوەی مایەوە لە سەر زەوی و زار خۆی بەردەوام بوو لە کشتوکاڵکردن گاڵیەکان بوون .ئەوەی کە پێویست بوو لەسەریان پێدانی باج و خەراج بوو تا ڕێی بە ئەڵمانیەکان بدەن وەزیفە سەربازییەکەی خۆیان ئەنجام بدەن .ئەم باجانە زۆر نەبوو بەڵام بە بەراورد بەوەی کە دایاندا بە ڕۆمانیەکان کەمتربوو .هەر ئەوەیش نا بە پێی ئەم گێڕانەوە مێژوویە بێت کاتێک ڕۆمانیەکان داوایان لە جووتیارەکان دەکرد باج بدەن بە بازرگانەکان، ئەوا بە زمانێکی ڕەق و ناشرین داوایان دەکرد لە کاتێکدا ئەمانی تر بە جوانی بە ڕیزەوە داوای باجیان دەکرد ئەمەیش وایکرد کە جووتیارەکان بە خۆشحاڵیەوە باجی خۆیان بدەن .لێرەیشدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان جوتیارە گاوڵیەکاندا کە باجیان دەدا لەگەڵ چینی سەربازی کە پێکهاتبوون لە جەنگاوەرە ئەڵمانیەکان کە باجیان وەردەگرت نەما، بە مانایەکی دیکە جیاوازی لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا نەما، هەربۆیە دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەدا بەر گاڵێکی دڵخۆش و سەقامگیر دەکەوین، ئەگەرچی لە ڕاستیدا بە بەرواد بەو گاڵەی کە لە کۆتایی داگیرکردنی ڕۆمانیەکاندا هەبوو کەمتر پێشکەوتوو بوو، بەڵام سەقامگیر و ئاسایش بوو.

بە پێی شیکارییەکانی بولەینڤەیلەرز بێت فڕانکییەکان و گاڵییەکان بە دڵخۆشی بێ کێشە شان بە شانی یەک لەگەڵ یەک ژیاون .هەردوولا بێ کێشە توانیویانە چێژ لەو برە ئازادییە وەربگرن و چێژی لێ ببینن کە هەر یەکە بۆ خۆی و بە شێوازی خۆی چنگی کەوتبوو .فڕانکییەکان ئاسوودە بوون چونکە گاڵە نوێیەکە پێویستی ئەوانیان پردەکردەوە، گاوڵیەکانیش ئاسوودە بوون چونکە فڕانکییەکان ئاسایشیان بۆ دابیندەکردن .لێرەدا سیستمی فیودالیزم دێتە کایەوە وەک سیستمێکی مێژوو-یاسایی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەش، حەوت و هەشتی کۆمەڵگەی ئەوروپی.

فۆکۆ دەڵێت ئەم سیستمە پێش بولەینڤەیلەرز هیچ مێژوو نوسێک یان یاساییەک بەم شێوەیە شیکاری نەکردووە باسی لێوەنەکردووە .گەڕانەوەی فۆکۆ بۆ شیکاری بولەینڤەیلەرز لەوەدا گرنگە ئێمە بەر ترۆپکی فیودالیزم دەکەوین وەک سیستمێک و یەکەیەکی یاسایی-سیاسی، یەکەیەک یەکگرتوو کە لە کرۆک و ناوەخنی

خۆیدا چینێکی سەربازی بە پاڵپشتی جوتیارەکان بەڕێوەدەچوو، ئەو جوتیارانەی کە بە شێوەیەکی جوان و دڵنەرمانە و بێ کێشە باجی خۆیان دەدا.

خاڵێکی گرنگی تری شیکارییەکەی بولەینڤەیلەرز کە بە ڕای فۆکۆ پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت جیا بکرێتەوە، ئەو ڕووداوانەیە کە تیایدا خانەدانەکان، یان با بڵێین جەنگاوەرە ئەرستۆکراسەکان وردە وردە سەروەت و سامان و هێزی خۆیان لەدەستدا، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هێزی مۆنارکیەوە.

## قۆناغی دووەمی گوڵدانەکەی سۆیسۆنس: یان قۆناغی لەدایکبوونی پاشایەتی

لە خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ دەقە مێژووییەکانی بەولینڤەیلەرز (Henri de Boulainvilliers)، یەکێک لە گرنگترین خاڵەکان شیکردنەوەی چۆنیەتی گۆڕانی پەیوەندی نێوان چینی جەنگاوەر (ئەرستۆکراسی) و دامەزراوەی مۆنارکییە. بە ڕای فۆکۆ، بەولەینڤەیلەرز تەنها مێژووی سەرهەڵدانی فیودالیزم ناگێڕێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆزی گواستنەوەی دەسەڵات لە دەستی چینێکی سەربازی و ئازاد بۆ دامەزراوەیەکی ناوەندی و دەسەڵاتگەرای وەک مۆنارکی ڕاڤە دەکات. لەو ڕوانگەیەوە، مێژووی فڕانکەکان مێژووی سەرکەوتنی پاشا نییە، بەڵکو مێژووی کەمبوونەوەی ئازادی و دەسەڵاتی چینی جەنگاوەرە.

بەولەینڤەیلەرز بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گۆڕانە دەڵێت کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی فڕانکدا، پاشا هیچ شتێکی پیرۆز یان سروشتی نەبوو. دەسەڵاتی پاشا لە بنەڕەتدا دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو، سنووردار و کاتی بوو و لە دوو ڕەهەندا خۆی دەبینیەوە. یەکەم، لە کاتی شەڕدا، پاشا وەک سەرکردەی سەربازی هەڵدەبژێردرا. لەو بارودۆخەدا، هەموو جەنگاوەرەکان بۆ سەرکەوتنی شەڕ پێویست بوو فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، بۆیە دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو. بەڵام ئەم دەسەڵاتە تەواو بە کاتی بوو و بە تەواوبوونی شەڕ کۆتایی پێدەهات. ئەم دەسەڵاتە لە هیچ شێوەیەکدا مافی حوکمڕانی هەمیشەیی بۆ پاشا دروست نەدەکرد.

دووەم، لە کاتی ئاشتی و ژیانی مەدەنی، پاشا وەک بەڕێوەبەری کاروباری گشتی کاردەکرد، نەک وەک دەسەڵاتێکی ڕەها. لەم قۆناغەدا بڕیارە گرنگەکان لەلایەن کۆڕ و کۆبوونەوەی سەرۆک خێڵەکان، سەرکردە سەربازییەکان و جەنگاوەرانی بەرزپایەوە دەدران. واتە، پاشا یەکێک بوو لە ناو دەستەی دەسەڵات، نەک خاوەنی تەواوی دەسەڵات. هەر بۆیە پاشایەتی نە میراتی بوو و نە مافی بنەماڵەیەکی دیاریکراو. هەر کەسێک بتوانایە پشتگیری و متمانەی چینی جەنگاوەر بەدەست بهێنێت، دەتوانی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێت.

بە ڕای بولەینڤەیلەرز، ئەم شێوازەی دەسەڵات جەوهەری ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگەی فڕانکی پێکدەهێنا. دەسەڵات لە بنەڕەتدا هاوبەش بوو و هیچ تاکێک نەتوانی بەبێ ڕەزامەندی ئەوانی تر دەسەڵاتەکەی فراوان بکات. لەبەر ئەوەشە چیرۆکی گوڵدانەکەی سۆیسۆنس گرنگییەکی تایبەتی هەیە؛ چونکە نیشان دەدات کە تەنانەت پاشاش لە بەرامبەر یاسای هاوبەشی جەنگاوەراندا سنووردار بوو وتوانای ئەوەی نەبوو مافی زیاتر بۆ خۆی داوا بکات. لە ڕوانگەی بولەینڤەیلەرز، ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە لە سەرەتادا دەسەڵات لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوبەشکردن دامەزرابوو، نەک لەسەر بنەمای سەروەرییەکی ڕەها.

بەڵام ئەم هاوسەنگییە بەردەوام نەما. بولەینڤەیلەرز پرۆسەیەکی مێژوویی و درێژخایەن وەسف دەکات کە تێیدا دەسەڵاتی پاشا وردەوردە لە سنووورە سەرەتاییەکانی خۆی دەرباز دەبێت. ئەوەی لە سەرەتادا دەسەڵاتێکی کاتی

بوو، دەبێتە دەسەڵاتێکی بەردەوام؛ ئەوەی هەڵبژێردراو بوو، دەبێتە میراتی؛ ئەوەی سنووردار بوو، دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی ناوەندی. ئەم گۆڕانە بە هێواشی و لە ماوەی چەند سەدەیەکدا ڕوویدا، بەڵام ئەنجامەکەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەوڵەت بوو.

فۆکۆ لەم شوێنەدا گرنگییەکی زۆر بە شیکاری بولەینڤەیلەرز دەدات، چونکە بە ڕای ئەو، بولەینڤەیلەرز یەکەم بیرمەندە کە دامەزراندنی مۆنارکی ڕەها وەک پرۆسەیەکی «داگیرکردنی ناوخۆیی» شی دەکاتەوە. واتە، مۆنارکی تەنها بەسەر خەڵکی ئاسایی زاڵ نەبوو، بەڵکو پێش هەر شتێک بەسەر هێز و ئازادییەکانی ئەرستۆکراسی زاڵ بوو. پاشاکان بەردەوام دەیانویست هێزی سەربازییە ناوخۆییەکان لەژێر دەسەڵاتی خۆیان بهێنن، مافی شەڕکردن، دادوەری، وەرگرتنی باج و بەڕێوەبردنی ناوچەکان کۆتایی پێبهێنن و هەموو ئەو مافانە بخەنە ناو دامەزراوەی مۆنارکی.

لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا، ئەرستۆکراسی کە لە سەرەتادا سەرچاوەی سەرەکی هێزی سەربازی و سیاسی بوو، ووردەووردە بوو بە خزمەتکاری دەوڵەت. سەروەت، زەوی، هێزی سەربازی و دادوەرییەکانیان یەک لەدوای یەک لەژێر چاودێری مۆنارکی هاتن. لە شوێنی پەیوەندییە فیودالییە ناوخۆییەکان، دەوڵەتێکی ناوەندی سەریهەڵدا کە یاسا، باج، سوپا و دادگایەکی یەکگرتووی هەبوو. بەم شێوەیە، پاشا بوو بە یەکەمین سەرچاوەی یاسا و دەسەڵات.

بە ڕای فۆکۆ، ئەم خوێندنەوەیەی بولەینڤەیلەرز گرنگییەکی زۆری تیۆری هەیە، چونکە نیشان دەدات مۆنارکی ڕەها بە سروشت یان بە ویستی خودا دروست نەبوو، بەڵکو ئەنجامی کۆمەڵێک ململانێی مێژوویی، شەڕی دەسەڵات و گواستنەوەی هێز بوو. هەر بۆیە، دەوڵەتی مۆدێرنیش لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەم پرۆسە مێژووییەیە، نەک دامەزراوەیەکی سروشتی یان هەمیشەیی. ئەم تێڕوانینە دواتر دەبێتە یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی شیکارییەکانی فۆکۆ لەسەر پەیوەندی نێوان مێژوو، هێز و دەسەڵات؛ چونکە بۆ ئەو، هەر شێوازێکی دەسەڵات ئەنجامی کێبڕکێ و پەیوەندییە مێژووییەکانە، نەک بەرهەمی یاسایەکی سروشتی یان پیرۆز.

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد، گێڕانەوەی بەشی یەکەمی چیرۆکی «گوڵدانی سۆیسۆنس» بوو؛ قۆناغێک کە هێشتا دەسەڵات لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و یاسایی کۆمەڵەیەکی هاوبەشدا دەجوڵا. بەڵام قۆناغی دووەمی ئەم چیرۆکە، کە دەتوانرێت بە سەرەتای لەدایکبوونی پاشایەتیی ڕەها ناوزەندبکرێت، لەو ساتەدا دەست پێدەکات کە یەک ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، کلۆڤیس لە کاتی پێداچوونەوەیەکی سەربازیدا ئەو جەنگاوەرە دەناسێتەوە کە پێشتر دژی خواستەکەی وەستابوو و ڕێگری لە بردنی گوڵدانەکەی کردبوو. کلۆڤیس بێ ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی یاسایی یان دادوەری بەکاربهێنێت، بەرەو ئەو جەنگاوەرە دەچێت و بە پاچێک گورزێکی لێدەدات و پشتی دەشکێنێت، پاشان دەڵێت: «گوڵدانەکەی سۆیسۆنس لە بیرت بێت.» ئەم کردارە تەنها تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەسی نییە؛ بەڵکو نیشانەی گۆڕانێکی قووڵ لە مانای دەسەڵاتە. کلۆڤیس لەو ساتەدا چیتر وەک فەرمانڕەوایەکی مەدەنی ناناسرێتەوە، بەڵکو وەک سەرکردەیەکی سەربازی دەردەکەوێت؛ وەک کەسێک کە هێزی ڕەها لە دەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە بۆ کۆنتڕۆڵکردن و ڕێکخستنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان. هەر لەو ساتە وەختەدا مۆنارکی نوێ سەرهەڵدەدات: نە تەنها وەک دامەزراوەیەکی سیاسی، بەڵکو وەک تێکەڵبوونی هێزی

سەربازی و دیسیپلینی کۆمەڵایەتی. دەسەڵاتی پاشا لەو ساتەدا ڕەها دەبێت کە توانای هێزی سەربازی بگۆڕێت بۆ ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی ژیانی مەدەنی و دانانی سنوور بۆ ماف و ڕەفتاری کۆمەڵگا.

فاکتەرێکی دیکە کە لە دروستبوونی ئەم هێزی مەدەنییەی پاشایەتی گرنگ بوو ئەویش دووفاقی لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکاندا. لە لایەک، هێزی مەدەنی هەوڵی دا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکی گوند و چینە خوارەوەکان بەهێز بکات و پشتگیریی ئەوان بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنێکی نوێ وەربگرێت؛ بەڵام لە هەمان کاتدا، هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەگەڵ پاشایەتی و بەشێک لە ئەریستۆکراسیی کۆنی گال دروست کرد. ئەم دووڕووییە بنەمای هێزی پاشایەتیی نوێ بوو: دەسەڵاتێک کە لە یەک کاتدا خۆی وەک پارێزەری ڕێکخستنی کۆمەڵگا پیشان دەدا و لە هەمان کاتدا بە پشتبەستن بە هێزی سەربازی و پەیوەندییەکانی نەریتی، بناغەی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی دادەنا.

فۆکۆ دەڵێت بەم شێوەیە بەولەینڤەیلەرز شیکارییەکانی خۆی کردووە و پرسیاری جدی بۆ ئەو ئایا کاتێک فڕانکییەکان هاتن، کاریگەری زۆر خراپی بۆ زۆرینەی دانیشتوانی گاڵ هەبوو؟

ئایا کاریگەری هەر ئەوەندە بوو کە جوتیارەکان لە پێدانی باجەوە بە شێوەیەکی زۆرملێ بوو بە پێدانی باج بە شێوەیەکی جوان و دڵنەرمانە .لە لایەکی تریشەوە ئەرستۆکراسە گاوڵییەکان کە زەوی و زاریان لە لایەن جەنگاوەرە ئەڵمانی و فڕانکیەکان زەوتکرا، ئەم خەڵکانە بوون کە زەرەری گەورەیان لە هاتنی فڕانکیەکان بۆ گاڵ کرد، ئەمانە بوون کە دووچاری ئازار و ئەشکەنجەی داگیرکاری بوون، ئەمانە بوون زەوی و زاریان لێ زەوتکرا بە لە ناوچوونی دەوڵەتی ڕۆمانی، هەر بۆیە تاکە پەناگەیان کەنیسە بوو، دەبوو پەنابەرن بۆ کەنیسە وەک تاکە سەبوورییەک بۆ ئەوەی کە لە دەستیان چووە .لێرەیشەوە هەر بە تەنها خەریکی دامەزراندنی کەنیسە نەبوون وەک ئامرازێک بۆ دڵنەوایی خۆیان، بەڵکو خەریکی بەرفراونکردنی کاریگەری و پێگەی کەنیسە بوون لە ناو خەڵکدا ئەویش بە بەگەڕخستنی سیستمی باوەڕ و ئیمان لە ناو خەڵکدا .هەر بۆیە ئەوە لە ناو کەنیسەدا بوو وە بەهۆی کەنیسەوە کە زمانی ڕۆمانی و مەعریفەی ڕۆمانی گەشەی سەند، یاسای ڕۆمانی دەخوێنرا، ئەم یاسایەیش یاسای ڕەها بوو .لێرەیشەوە کاتێک سەروەری فراکیشی داوای یارمەتی و پاڵپشتی لە خەڵک دەکات لە دژی ئەرستوکراسی ئەڵمانی هاوکات بۆ دۆزینەوەی دەوڵەت یان لانی کەم مۆنارکی کە مۆنارکی ڕۆمانیە، ئەوا کێ لەم خەڵکانە باشتر دەدۆزنەوە کە هێندە کاریگەرییان هەیە بە سەر خەڵکیەوە .کە بە زمانی ڕۆمانی و یاسای ڕۆمانی ئاشنان جگە لە ئەرستۆکراسە گاوڵیەکان خۆیان.

کەواتە خانەدانە گاوڵیەکان هاوپشت و پاڵپشتی مۆنارکە تازەکە بوون ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ڕەهابوونی خۆیان لەسەر بنەمای زمانی لاتین، یاسای ڕۆمانی مەعریفەی داد دامەزراند .کەواتە ئەوەی کە تازە دروستکرا لە سەر بنەمای زمان و مەعریفەی کۆنەکە دامەزرا.

ئەوەی جێی سەرنجە بۆ فۆکۆ، کە بەولینڤەیلەرز لە شیکارییەکەیدا جەختێکی زۆر دەخاتە سەر زمانی مەعریفە یاخود هەردوو سیستمی زمان-مەعریفە، گوتەی ئەوەی کە مەعریفە دەسەڵاتە دەگەڕێەوە بۆ بولەینڤەیلەرز . ئەو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە چۆن جەنگاوەرە ئەرستۆکراسەکان بە تەواوی لە لایەن هاوپەیمانی نێوان مۆنارکی و خەڵکەکە تێپەڕێندران، وە خودی ئەو هاوپەیمانییەش لە سەر بنەمای دەوڵەت بوو، کە دەشڵێن دەوڵەت واتە زمانی لاتین و مەعریفەی تەواوی یاسای ڕۆمانی بوو .کەواتە زمانی لاتین بوو بە زمانی دەوڵەت، بوو بە

زمانی مەعریفە، بوو بە زمانی یاسا .هەر بەم هۆکارەیش خانەدانەکان هەموو هێز و دەسەڵاتی خۆیان لەدەستدا، بە ڕادەیەک کە ئەوان سەر بە سیستمی زمانێکی تر بوون و وەک بڵێی تەواو لە دەرەوەی زمانی دەوڵەت بوون . چونکە خانەدانەکان بە زمانی ئەڵمانی دەدوان و لە زمانی لاتین نەدەگەیشتن .ئەمەیش مانای ئەوەیە کاتێک سیستمی ماف و داد دارێژرا ئەوا ئەمان نەیاندەزانی چی لە ناو ئەو سیستمەدا دەگوزەرێت .هەر بۆیە لە لایەک کەنیسە کاری بۆ ئەم چاوەشەکارییە دەکرد، لە لایەکی تریشەوە مۆنارکی زۆر بە ئەمەکانە ئیشی بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو خەڵکە لە تاریکی و نەزانینی خۆیان بۆ تەواوی سیستمەکە بمێننەوە.

لێرەدا بەولیەنقەیلەرز ئاسەواری مێژووی ئەم چەواشەکارییەی کەنیسە و پیاوانی ئاینی لە گوتارەکانیاندا سەبارەت بە ژیانی پاش مەرگ دەبینێتەوە .بە ڕای بەولیەنقیەلەرز پەروەردەکردنی خانەدانەکان بەوەی کە ژیانی ئەم دونیایە فانییە و هیچ گرنگییەکی نییە، ئەوەیش کە لەم دونیایەدا ڕوودەدات هیچ گرنگیەکی نیە بەڵکو قەدەری ڕاستەقینەی مرۆڤ پاش مردنە و لە ژیانی ئەبەدی پاش مردندایە .هەر بۆیە ئەو ئەڵمانیانەی کە زۆر خولیای موڵک و داگیرکاری بوون، هەموو ئەو جەنگاوەرە قژ زەردانەی کە پەیوەستی ژیان و دۆخی هەنووکەیی شۆرش و ژیان بوون وورده وورده گۆڕان بۆ شۆڕشگێڕی دێرین و بوونە خاچ پەرست بە شیوەیەک کە بۆیان گرنگ نەبوو چی لە ووڵات و شارەکەی خۆیان دەگوزەرێت .بە ڕادەیەک بێئاگابوون کاتێک خۆیان بینییەوە لە هەموو سەروەت و سامان و دەسەڵاتێک کرابوون .کاتێک بولیەنقیەلەرز جەنگاوەرەکان دەشوبهێنێت بە خاچپەرستەکان دەویەوێت جەخت لەسەر گۆڕانی ڕۆحی شۆڕشگێری و داگیرکاری ئەم جەنگاوەرانە بکات، خاچپەرستەکان وەک ئەو کەسانەی کە خولیای تەواویان بۆ زیارەتکردن و خۆ ئامادەکردنەوە بۆ دونیاکەی دیکە، دونیای پاش مەرگ .

ئەوەی کە لە شیکارییەکەی بەولیەنقیلەرزدا گرنگە و جیاوازە، ئەوەیە کە ئەم بانگەشە بۆ یاخیبوون و هەڵگیرسانی شۆڕش ناکات وەک مێژووگرافەرەکانی تر، بە تایبەت ئەوانەی سەدەی حەڤدە لە ئینگلترا، بەڵکو بەولیەنقیەلەرز بانگەشەی خانەدانەکان دەکات بۆ ئەوەی مەعریفەی خۆیان بەرفراوان بکەنەوە، هاواری زیندوکردنەوەی یادەوەرییەکانی خۆیان دەکات، هەوڵەدات بە ئاگایان بهێنێتەوە لە ئەزموون و گەڕانەوەی بۆ ئەزموونی ڕابردوویان، بۆ مەعریفە و زمانی ڕەسەنی خۆیان .ئەوەی کە بولیەنقیەلەرز ئاماژەی پێدەکرد و هەوڵی دەدا خانەدانەکان بە خەبەر بێنێتەوە ئەوە بوو کە بە پلەی نایاب دەیگووت) :ئێوە ناتوانن دەسەڵاتی خۆتان بە دەستبهێننەوە گەر پایە و پێگەی مەعریفە نەگرنەوە دەست، ئەو پایە و پێگەیەی کە لێتان زەوتکرا -یان ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی ئەو پایە و پێگە مەعریفییە نەبووبێتن .کێشەکە ئەوەیە کە ئێوە هەمیشە جەنگاون بە بێ ئەوەی درک بەو ڕاستییە بکەن کە رۆژێک دادێت جەنگە ڕاستەقینەکە، یان لانی کەم شەڕی ناو کۆمەڵگە بە چەک و جبەخانە ناکرێت بەڵکو بە مەعریفە دەکرێت.(

باولینقەیلەرز زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت کە باوباپیرانمان درۆزن بوون، خۆیان بە شکۆیەکی ساختە و بەتاڵ هەڵخڵەتاندوە، ئەوان نەیانزانیوە کە لە ڕاستیدا کێن .ئەوەی کە بەردەوامی خۆیان لەبیرچۆتەوە و درکیان بە ڕاستەقینەی مێژووی خۆیان نەکردووە ئەوەنەی تر باری شانی قورسکردوون لە ڕۆچوونیان لە گەمژەیی یان بڕوابوونیان بە جادووگەریی. بەدەستهێنانی خودئاگاییەکی نوێ و بەدواکەوتنی ئاسەواری سەرچاوەی هەموو مەعریفە و یادەوەرییەکان بە مانای نکۆڵیکردن و بە ئەفسانەکردنی مێژووە .گەر خودی ئەو مێژووە خۆی

بکاتەوە بەسەر تۆڕی مەعریفەدا و جارێکی تر خۆی لە ناو یادەوەرییەکاندا بدۆزێتەوە، ئەوا بە ڕای باولینڤەیلەرز خانەدانەکان فرسەتێکی تری ئەوەیان هەیە جارێکی تر ببنەوە بە هێز و خۆیان وەک سوبێکت و بکەری مێژوو بناسنەوە .کەواتە بۆ ئەوەی جارێکی تر هێز و دەسەڵات بە دەست بهێنەوە ئەوا پێویستیان بە خود ئاگاییەکی نوێیە، خود ئاگاییەک کە لە ناو نەزمی مەعریفەدا دروست بێتەوە.

بۆ فۆکۆ شیکارییەکانی باولینڤەیلەرز لە سێ ئاستەوە بۆ ئێمە گرنگە کاتێک بێینە سەر شییکاری سیاسی سەدەی حەڤدە، کە ئەمانەن:

ئاستی یەکەم جەنگ و پەیوەندی جەنگ و فۆڕمەکانی، خودی ئەم ئاستەیش بۆ بەولینڤەیلەرز لە سێ ڕووەوە گشتگیری دەکاتەوە، کە ئەویش یەکەم جەنگ و گشتگیرکردنی جەنگ لە ڕووی بنەماکانی مافەوە، دووەم لە ڕووی جۆرەکانی گۆڕەپانەکانی شەڕەوە، سێهەم لە ڕووی ڕاستینەی داگیرکاری و دەرئەنجامی لەشکرکێشی کە ئەمەیش یاخیبوونی لێدەکەوێتەوە.

کاتێک قسە لە سەر جەنگ دەکرێت بە پەیوەندی بە ماف و بنەماکانی مافەوە ئەوا بە ڕای فۆکۆ بە گەڕانەوە بۆ شیکارییەکانی پەرلەمانتارە فەرەنسیەکانی سەدەی حەڤدە، هاوکات پەرلەمانتارە ئینگلیزەکانی هەمان سەدە، جەنگ بە مانای دۆخێکی لە پڕ و لە ناکاوی تێکدەر دێت کە سەنگی ماف هەم لە لایەک تێکدەدات وە هەم لە لایەکی تریشەوە دروستیدەکاتەوە.

جەنگ ئەو" پیاوە "ئەفسانەییە کە ڕێدەدات سیستمی ماف لە یەکێکەوە بگۆڕێت بۆ یەکێکی تر، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە جەنگ هەمان ڕۆڵ و پێگەی لە تێزە و شیکارییەکەی بەولینڤەیلەرز نییە بەڵکو جەنگ بۆ ئەو هەر بەتەنها سیستمی ماف

نالەقێنێت و تێکنادات تا دروستی بکاتەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا جەنگ بە تەواوی هەموو مافێک، تەنانەت مافی سرووشتیش مەحف دەکاتەوە، بە ڕادەیەک جەنگ لە ناو خۆیدا ماف وندەکات کە خودی ماف دەبێتەوە بە شتێکی ناڕاستی و ئەبستراکت، دەبێتەوە بە جۆرێک لە خەیاڵ.